**Mamosta Journal for Pedagogical Sciences and Teacher Education (MamostaJ)**
DOI: https://doi.org/10.21271/mj.1.2.2

**OPEN ACCESS**
***Corresponding author**
Mihraban.salih@uoh.edu.iq
Mhraban Husen Salih

# پێگەی کۆنترۆڵکردن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی

RECEIVED:06/07/2025
ACCEPTED:24/08/2025
PUBLISHED:25/12/2025

**مهرەبان حسێن ساڵح/** بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە ، هەرێمی کوردستان، عێراق.
**نیان نامق سابر/** بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**وشە سەرەکییەکان:**
پێگەی کۆنترۆڵکردن،
کۆنترۆڵی ناوەکی،
کۆنترۆڵی دەرەکی،
خوێندکار،
زانکۆی سلێمانی.

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاستی پێگەی کۆنترۆڵکردنی (ناوەکی- دەرەکی)، لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی ودەستنیشانکردنی جیاوازی ئاستی پێگەی کۆنترۆڵکردن (ناوەکی- دەرەکی) لای خوێندکاران بەپێی گۆڕاوەکانی (قۆناغی خوێندن (یەکەم- چوارەم)، شوێنی نیشتەجێبوون (سەنتەری شار- دەرەوەی شار)، توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە (٣١٢) خوێندکار لەبەشی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی، نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (100) خوێندکار لەهەردوو قۆناغی (یەکەم- چوارەم)بەیانیان، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر پێوەری پێگەی کۆنترۆڵکردنی (Rotter,1966) بەکارهێناوە، کەلە (29)برگە پێکهاتووە و، کەبەشێوەیەک بژاردەی هەر برگەیەکی پێگەی کۆنترۆڵکردن بە (أ- ب)ئاماژەیان پێدراوە، بۆ شیکاری داتاو زانیاریە کۆکراوەکانی توێژینەوەکە کەرەستەی ئاماری ( t.test) بۆ یەک نمونە و دوونموونە، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، کای سکوێر (کا٢) بەکارهێنراوە، لەگرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

-خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی پێگەی کۆنترۆڵیان هەیەو لەئاستێکی نزمدایە.

-خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان پێگەی کۆنترۆڵی دەرەکییان بەرزە.

-جیاوازی ئاماری نییە بۆ کۆنترۆڵی دەرەکی لەنێوان خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوەکانی ( قۆناغی خوێندن، یەکەم- چوارەم)، شوێنی نیشتەجێبوون(سەنتەری شار- دەرەوەی شار).

**کێشەی توێژینەوە:**

پێگەی کۆنترۆڵکردنی (ناوەکی - دەرەکی) یەکێکە لە گۆڕاوە گرنگەکان لە ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری مرۆڤدا، بەو پێیەی بە نیشاندەرێک دادەنرێت بۆ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی دەرەکی و کارلێککردن لەگەڵ ڕووداوە ژینگەییەکاندا، کە بەشـــداره لە ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری مرۆڤ لەکاتی کارلێککردن لەگەڵ دۆخە جیاوازەکاندا، دەبێت پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ کەسێتی خۆی بکات و دواتر بەرپرسیارێتی خۆی لە ئەنجامی ڕەفتارەکانی خۆی دیاری بکات، لەسەر بنەمای تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی ڕۆتەر (١٩٦٦)، پێگەی کۆنترۆڵکردن بە یەکێک لەو چەمکە بنەڕەتیانە دادەنرێت کە ڕۆتەر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا ناساندویەتی، وەک ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٦دا پێشکەشی کردووە، گۆڕاوێکە لە کەسێتیدا تێیدا مرۆڤەکان جیاوازن لە ڕووی تێڕوانینیان بۆ پێگەی ئەو هێزانەی بزوێنەری ڕووداوەکانن لە ژیانیاندا، بەو پێیەی پێگەی هەستپێکراوی ئەم هێزە بزوێنەرانە جیاوازە لەنێوان ئەوەی لە ناوەوەیە و ئەوەی دەرەکییە (الزبيدي، ٢٠٠٩: ١٠١). کاتێک کەســێک کۆنترۆڵی دەرەکی هەبێت مەیلی ئەوەی هەیە نەرێنی و دڵەڕاوکێی هەبێت لە پرۆســەی بەشـــداریکردن و بەرهەمهێنـاندا، هەروەهـا ڕووداوە ئەرێنی و نەرێنییەکـان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی لە دەرەوەی کۆنترۆڵی کەسـیدایە، جگە لەوەش هەسـتی بێدەســەڵاتی هەیە لە کاریگەریکردن لەســەر ڕەوتی ژیان و بەبەراورد بە ئەوانەی کۆنترۆڵی ناوخۆییان هەیە لە هەوڵەکانیاندا بێدەســـڵاتن و لاوازن و هەوڵی هەڵهاتن یان دوورکەوتنەوە لە دۆخەکان دەدەن و زیاتر ئامادەییان هەیە بۆتوشبوون بە نەخۆشییە دەروونییەکان، لەوانەش خەمۆکی (الراوی، ١٩٩٦: ٣٣).

دوای ئەوەی خوێندکار پەیوەندی بە زانکۆوە دەکات، ئەمە ڕووداوێکی گەورەیە لە ژیانیدا، چونکە چاوەڕوان دەکرێت خوێندن لە زانکۆ هەلی فێربوونی زیاتری بۆ برەخســێنێت و پرۆژەی پیشـــەیی داهاتووی خۆی هەڵبژێرێت، هەروەها بونیادنانی ئاوات و هیواکانی داهاتووی خۆی، کە پێویسـتی بەوەیە بەردەوام بیکاتە هەوڵێک، کێبڕکێ و پشـتبەسـتن بە خۆی و هەموو ئەمانە و داواکارییەکانی دیکە ڕەنگە هەندێکجار لە تواناکانی کەســێتی و توانا ئەکادیمی و داراییەکانی سـەرکەوتووبن، یان لەوانەیە ڕووبەڕووی بێزاری ببێتەوە سـەبارەت بە سـەختی هاوتاکردنی هیواکانی لەگەڵ واقیعی زانکۆدا، پاشــان ئەمانە کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنیان لەســەریان دەبێت ئەگەر لە لایەنی ئەرێنیدا بن، ئەوا ئەم بابەتە وای لێدەکات زیاتر جۆش و خرۆش و بەرهەمدار و سـەرکەوتوو بێت لە خوێندنی زانکۆدا، بەڵام ئەگەر لەسـەر لایەنی نەرێنی بێت، وا دەکات زیاتر بێزار و کەمتر پاشەکشە بکات لە ئاراستەی خۆی بەرەو خوێندنی زانکۆ، یان لە ڕوانگەی ســـەرکەوتنی لە خوێندن، یان لە ئاواتەکانی داهاتوودا ( محمد، ٢٠١٨: ٤٥٤). ئەو خوێندکارەی هەســـت بە کۆنترۆڵی ناوەکی دەکات لەخوێندنەکەی، پێی وایە ئامادەکاری باش و هەوڵدان جگە لەتواناکانی بەرەو ســـەرکەوتن دەیبات، لەکاتێکدا ئەو خوێندکارانەی کە کۆنترۆڵی دەرەکییان هەیە پێیان وایە ئەو دەرئەنجامەی بەدەســـتی دەهێنن بەرهەمی دەســـەڵاتی کەســـانی تره یان بەخت و ڕێکەوتە، ئەوەش وایان لێدەکات هیچ هەوڵێک نەدەن و باوەڕییان بەوە هەبێت خاوەنی ئەو برە زیرەکی و لێهاتوویە نین شـایسـتەی سـەرکەوتنیان بێت، بۆیە ئەو خوێندکارانەی کۆنترۆڵی ناوەکییان هەیە لەخوێندندا ســەرکەوتوو دەبن، چونکە پێیان وایە توانای گەشــتن بە ئامانجەکانیان هەیە، بەو هۆیەشــەوە هەوڵی پێویست دەدەن بۆ پلان بۆ گەشتن بۆ ئەو ئامانجانەی دایدەڕێژن و بە ئەداو شێوازی بەرز تایبەتمەندن (محمد ، ٢٠١٦: ٣٣٨)، بەڵام توێژینەوەکەی ( أمـال، ٢٠١٠)ئەوە دەردەخـات خوێنـدکـاران زیـاتر بەرەو کۆنترۆڵی دەرەکی دەچن نەک کۆنترۆڵی ناوەکی، ئەوان باوەڕیان وایە بەرپرســـیارێتی خۆیان هەیە بەرانبەر ئەنجامی کارەکانیان و ئەو ئەنجامەی بەدەســـتی دەهێنن، ئەرینی بێت یـاخود نەرێنی دەیگەڕێننەوە بۆ هۆکـاره دەرەکییەکـان (أمـال، ١١٨:٢٠١٠ ). بەپێی لێکۆڵینەوەکەی (عبدالحميد و كفافي ، ١٩٩١)، کە پێیان وایە ئەوانەی خاوەنی پێگەی کۆنترۆڵکردنی دەرەکین شـکسـت دەهێنن لە هەڵگرتنی بەرپرســـیارێتی و ناتوانن کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانیان بکەن، چونکە پێیان وایە هێزە دەرەکییەکان بەرپرسیارن لەم کارە نەوەک خودی کەسێتیان (سعید، ٢٠١٨: ٤)

ئەو توێژینەوانەی لە سەرەوە خراونەتەڕوو نیشانی دەدەن پێگەی کۆنترۆڵکردن لەنێوان مرۆڤەکاندا جیاوازە، هەندێک کەس پێگەی کۆنترۆڵکردنی ناوەکییان هەیە، هەندێکی تر کۆنترۆڵکردنی دەرەکییان هەیە، بە پشتبەستن بە تێبینییە مەیدانییەکانی توێژەر بۆچوونی خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە ژێر کاریگەری هاوڕێکانیاندایە، ئەمەش ڕەنگە کاریگەری لەسەر پێگەی کۆنترۆڵکردنیان هەبێت، لێرەوە کێشەی توێژینەوەکە سەریهەڵداوە، کە لە دەوری پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەدا دەسوڕێتەوە:

١-پێگەی کۆنترۆڵکردنی ناوەکی و دەرەکی لەنێوان خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی لەچ ئاستێکدایە؟

٢- ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی سەبارەت بەئاستی پێگەی کۆنترۆڵکردنی (ناوەکی- دەرەکی)، بەپێی گۆڕاوەکانی قۆناغی خوێندن و شوێنی نیشتەجێبوون؟

**گرنگی توێژینەوە:**

پێگەی کۆنترۆڵکردن یەکێکە لەو تایبەتمەندییە کەسێتیانەی سەرنجی توێژەران و زانایانی بواری دەروونناسی و کەسێتی ڕاکێشاوە، بەو پێیەی دەرکەوتووە ئەم تایبەتمەندییە توانای پێشبینیکردنی پاڵنەرەکانی هەیە (دویدار، ١٩٩٩: ٤٩)، پێگەی کۆنترۆڵکردن، گۆڕاوێکی گرنگە لە ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری مرۆڤ لە دۆخە جیاوازەکانی ژیاندا، لێکۆڵینەوە لە پێگەی کۆنترۆڵکردن دەروونناسانی سەرقاڵ کردووە بەهۆی گرنگی ئەم چەمکە وەک سیفەتێکی کەسی یارمەتی مرۆڤ دەدات سەیری دەستکەوتەکانی بکات، جا سەرکەوتن بێت یان شکست، لەبەر ڕۆشنایی ئامادەیی و تواناکانیدا (علی، ٢٠٠١: ٢)، پێگەی کۆنترۆڵکردن ئاماژە بەوە دەکات تاچەند تاکەکان پێیان وایە دەتوانن کاریگەری لەسەر ڕووداوەکانی ژیانیان هەبێت، ئەم چەمکە لە ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن جولیان ب. ڕۆتەر (Julian B. Rotter in 1954) پەرەی پێدراوە و لەو کاتەوە بووە بە لایەنێکی گرنگ لە توێژینەوەی کەسێتیدا، پێگەی کۆنترۆڵکردن تایبەتمەندییەکی سروشتی تاکەکەسە، لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیکردنەوە گەشەی کردووە، ئەوانەی پێگەی کۆنترۆڵی دەرەکییان هەیە تایبەتمەندیەکانی وەک (پێنەگەیشتوویی، میزاجی خێرا، مەیلی دواخستنی بڕیارەکان بۆ کاتێکی نادیار، دڵەڕاوکێ، گومان، نەگونجاندن و شەڕانگێزی نیشان دەدەن (Nath,B,2014:2-4)، پێگەی کۆنترۆڵکردنی ناوەکی بێت یاخود دەرەکی، گۆڕاوێکی گرنگە شارەزایان و دەروونناسان بە گرنگی ئەم چەمکە وەک تایبەتمەندییەکی کەسی سەرقاڵ کردووە، کە یارمەتی مرۆڤ دەدات لەبەر ڕۆشنایی تواناکانیدا سەیری دەستکەوتەکانی بکات (سعید، ٢٠١٨: ٢). توێژینەوەکەی وینەر ( Weiner,1973) دەریخستووە پێگەی کۆنترۆڵکردنی ناوەکی لەنێو ئەوکەسانەدا بەرزە باوەڕییان بەگرنگی کارکردنی سەخت و هەوڵەکانی مرۆڤ هەیە و هیچ شتێکی تر نییە، کە سەرکەوتنی مرۆڤ دیاری بکات (الزيات، ١٩٩٦: ٤٤٤). لەکاتێکدا شریوەس (Shriwas,2021) لەتوێژینەوەکەیدا پێی وایە ئەو کەسەی ئەنجامەکانی دەخاتە پاڵ فاکتەرە دەرەکییەکان، ئەوا پێگەی کۆنترۆڵی دەرەکی هەیە. بۆ نموونە، ئەگەر خوێندکارێک بەهۆکارە دەرەکییەکانی وەک مامۆستا، هەڵسەنگاندن، یان تاقیکردنەوە لۆمەی ئەنجامەکانی بکات، ئەوا پێگەی کۆنترۆڵی دەرەکی پیشان دەدات (Shriwas,2021: 96)، بەڵام (April, K,et al,2012) پێی وایە ئەو کەسانەی پێگەی کۆنترۆڵی دەرەکییان بەرزە، دوودڵن لە گۆڕینی ڕەفتاری خۆیان، چونکە وەک هۆکارێکی سەرەکی بۆ گۆڕانکاری بەهێزکردن سەیری ناکەن، تەنانەت کاتێک دێتە سەر بەهێزکردنی ئەرێنی، لەوانەیە کەسەکە متمانەی بە کەسێتی خۆی نەبێت و لەجیاتی ئەوە، دەکرێت بیگەڕێننەوە بۆ سادەیی ئەرکەکە، یاخود بارودۆخی لەبار و گونجاو، یان یارمەتی لەلایەن کەسانی بەهێزترەوە (Aplil, K,et al,2012).

گرنگی توێژینەوەکە لە گرنگی خودی بەشەکەوە سەرچاوە دەگرێت، خوێندکاری ڕەگەزی مێ بە بەهەندێک گۆڕانکاری جەستەیی و هەڵچوونی و دەروونی و کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕێت، لەوانەیە کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و

بڕیارەکانی هەبێت، بەو پێیەی لەم قۆناغەدا زۆرێک لە خوێندکارە کچەکان مەیلیان هەیە ڕاوێژ بە هاوڕێکانیان بکەن و خواستەکانیان لەبەرچاو بگرن لە بابەتی پەروەردەیی یان کەسیدا، ئەمەش کاریگەری لەسەر زۆرێک لە بڕیارەکانیان دەبێت و ئەوەش کاردەکاتە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی پێگەی کۆنترۆڵی دەرەکییان بەبەراورد بە کۆنترۆڵی ناوەکیان، سەرەڕای ڕووبەڕووبونەوەی فشاری ئەکادیمی و خوێندن بۆ چەند ساڵێک لەسەر یەک و هەستکردن بە دڵەڕاوکێ لەئەنجامی دوورکەوتنەوە لەخێزانەکانیان و جیابوونەوە لەژینگەی کۆمەڵایەتی و دەستپێکردنی ڕێڕەوی ژیانی سەربەخۆ، کاتێک کچێک دەچێتە قۆناغی زانکۆ، بۆ یەکەمجار لەژیانیدا لە خێزان و هاوڕێکانی دووردەکەوێتەوە و لەکەمپی زانکۆ لەگەڵ کەسانێک، کە بەم دوایانە ئاشنایان دەبێت، لەژینگەیەکی تەواو جیاواز لەوەی بۆ ساڵانێکە لەژینگەی خێزانەکەیدا ڕاهاتووە، ئەم ژینگە فشاراویانە لەگەڵ پێشینە دەروونییەکانی خوێندکاردا تێکەڵ دەبێت و وایلێدەکات ڕووبەڕووی دۆخی ناهەمواری بیرکردنەوەی نەرێنی و هەستکردن بەکەمیان بکات، لەبەرئەوە پێگەی کۆنترۆڵکردنی ناوەکیان، هاوکار دەبێت لە بونیادنانی کەسێتییەک توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریتی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی هەبێت و بتوانێت ڕۆڵیی کارایان هەبێت لەسەر چارەسەری ئاراستە و بڕیاردانی گونجاو، بەڵام کاتێک خوێندکارێک متمانەبەخۆبوون یان کۆنترۆڵی ناوەکی نییە، دەکرێت لەژیانیدا ڕەشبین و خاوەن بیرکردنەوەیەکی نەرێنی بێت سەبارەت بەکارەکەیی و زیاتر گرنگی بەفاکتەرە دەرەکییەکان بدات، لەبەرئەوە دەبێت کەشی زانکۆ جیاواز بێت لە قۆناغەکانی خوێندنی پێشترییان و بەرکەوتەیان نەبێت لەگەڵ کێشە زانستیی و کۆمەڵایەتی و دەروونیی و کەسییەکان، کە ڕێگرن لەپێشخستنی وەک خوێندکارێکی زانکۆ.

گرنگی ئەم توێژینەوەیەی ئێستاش لە سوودی کردەیی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و بەکارهێنانیان لە بواری پەروەردە و فێربووندا بۆ پەرەپێدانی خاڵێکی دروستی کۆنترۆڵکردن لەنێو خوێندکارە کچەکاندا و باشترکردنی ئاستی کەسێتی خۆیان و بەم شێوەیە هەڵبژاردەی پسپۆڕییەکانیان بە متمانە بەخۆبوون و بەبێ کاریگەری دەرەکی لەسەریان، هەروەها ئەنجامی توێژینەوەکە زانیاری دەدات بە بەرپرسانی پەروەردەیی و دایک و باوکان، کە ڕەنگە یارمەتیدەر بن لە پەرەپێدانی بەرنامەکانی ڕاهێنان و ڕێنماییکردن، ئاستی پێگەی کۆنترۆڵکردن کاریگەر و باشتر دەکەن، لەلایەکی تریشەوە ئەنجامەکان یارمەتی مامۆستایان دەدەن کە شێوازەکانی وانەوتنەوە باشتر بکەن بۆ بەرزکردنەوەی متمانەبەخۆبوونی خوێندکاران و بەرزکردنەوەی ئاستی پێگەی کۆنترۆڵکردنی ناوەکییان.

**ئامانجی توێژینەوە:**

١-زانینی ئاستی پێگەی کۆنترۆڵکردن (ناوەکی- دەرەکی) لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی.

٢-جیاوازی ئاستی پێگەی کۆنترۆڵکردنی (ناوەکی- دەرەکی) لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوەکانی ( (قۆناغی خوێندن ( یەکەم- چوارەم)، شوێنی نیشتەجێبوون (سەنتەری شار- دەرەوەی شار) ))

**سنوری توێژینەوە:**

پێگەی کۆنترۆڵکردن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی.

**دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان:**

**پێگەی کۆنترۆڵکردن (Locus of Control ):**

**کۆڵمان (Colman) 1999:** شێوازێکی مەعریفی و تایبەتمەندییەکی کەسییە، لەسەر بنەمای پێشبینییەکانی مرۆڤ دامەزراوە و پەیوەندی بەڕەفتارێکەوە هەیە، کە بەدوایدا پاداشت و سزادا هاتووە (Colman,2009: 428).

**البدران (٢٠٠١):** بريتییە لە تواناى مرۆڤ لە هەستکردنى بەهۆکارەکانى سەرکەوتن یاخود شکستەکانى و جەختکردنەوە لەسەر تایبەتمەندییە کەسییە ناوەکییەکان، وەک توانا یاخود بارودۆخە دەرەکییەکانى وەک بەخت، ڕێکەوت، چارەنووس (البدران، ٢٠٠١: ٢١).

**أبو سكران (٢٠٠٩):** ئەو بۆچوونەیە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە پەیوەندى نێوان ڕەفتارەکانى و دەرئەنجامەکانى درک پێدەکات و دەتوانێت کاریگەرى هەبێت لەسەرى (أبو سكران، ٢٠٠٩: ١١).

**أنو وشنان (٢٠١١):** بونیادێکى کەسییە، ئاماژەیە بۆ هۆشیارى و تواناى مرۆڤ بۆ کۆنترۆڵکردنى ڕووداوەکان لە ناوخۆدا، کە لەڕەفتارەکانیدا دیاریدەکرێت، بەپێچەوانەى چانس و بەخت یاخود بارودۆخى دەرەکى (أنو وشنان، ٢٠١١: ١٠٦).

**پێناسەى تیۆرى:** پێگەى کۆنترۆڵکردن ڕەفتارێکى گرنگى کەسێتییە؛ گوزارشت لەوە دەکات چۆن مرۆڤ هەست بە بارودۆخە جیاوازەکانى ژیانى دەکات و کۆنترۆڵى دەکات، یاخود تایبەتمەندییەکە یارمەتیدەرە لە پێشبینیکردنى ڕەفتارى تاکدا، ئەوەش وایلێدەکات کەسەکە بتوانێت لەگەڵ ناوەوەى خۆیى و دەروروبەریدا بگونجێت.

**پێناسەى ڕێکارى پێگەى کۆنترۆڵکردن:** بریتییە لە کۆى ئەو نمرەیەى لەلایەن ئەندامانى نموونەى توێژینەوەکەوە، کە لەسەر پێوەرەى پێگەى کۆنترۆڵکردن، لەم توێژینەوەیەدا بەدەست دێت

## چوارچێوەى تیۆریى و توێژینەوەکانى پێشوو:

### پێگەى کۆنترۆڵکردن:

چەمکى پێگەى کۆنترۆڵکردن لە ناوەڕاستى پەنجاکانى سەدەى ڕابردوودا پەیوەست بە تیۆرى فێربوونى کۆمەڵایەتى ڕۆتەر (١٩٥٤)ەوە سەریهەڵداوە، ڕۆتەر واى دەبینێت کە تاک پێشبینى و چاوەڕوانییەکانى پەرەپێدەدات لەسەر بنەماى تواناکانى بۆ کۆنترۆڵکردنى هەموو ئەو ڕووداوانەى لە دەوروبەرى دەسوڕێنەوە (قطامي، ١٩٩٤: ٤٨). جولیان ڕۆتەر (Julian Ratter) چەمکى پێگەى کۆنترۆڵکردنى لەسەر بنەماى تیۆرى فێربوونى کۆمەڵایەتى بونیادناوە، ئەم تیۆرییە لەسەر بنەماى دابەشکردنى پێگەى کۆنترۆڵکردنە بەسەر ناوەکى و دەرەکیدا، بە گشتى تاک چاوەڕوانى و پێشبینییە جیاوازەکانى خۆى بەپێى ئاگادارىی و تێگەیشتنى لە سەرچاوەى پشتیوانى و پاڵپشتییەوە وەردەگرێت و دیاریدەکات، جا ئەرێنى بێت یان نەرێنى (پاداشت و سەرکەوتن بەرانبەر بە بێبەشبوون و شکست)، ئایا پەیوەستە بەڕەفتارى خۆیەوە و پشت بەڕەفتارى خۆى دەبەستێت یان لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە بەڕێوەدەبرێت وەک چارەنووس و بەخت یان ڕۆڵى ئەوانى تر، ئەو کەسانەى پێگەى کۆنترۆڵکردنى ناوخۆییان هەیە پێیان وایە ئەو بەهێزکردنانەى بەسەریاندا دێت پەیوەندییان بە هۆکارە ناوخۆییەکانى پەیوەست بە کەسایەتییەکانیانەوە هەیە، لە کاتێکدا ئەوانەى کۆنترۆڵى دەرەکییان هەیە پێیان وایە ئەو بەهێزکردنە ئەرێنى یان نەرێنییانەى هەیانە پەیوەندییان بە هۆکارێکى دەرەکییەوە هەیە (الشوامين، ٢٠١١: ٧).

بەپشبەستن بە تیۆرى فێربوونى کۆمەڵایەتى و تێکەڵکردنى بە تیۆرى ڕەفتاریى و مەعریفى لە چوارچێوەیەکى تیۆرى یەکگرتوودا (جولیان ڕۆتەر) چەمکى پێگەى کۆنترۆڵکردنى دامەزراندوە لەو شوێنەى، کە ڕوتەر پێى وایە پاڵپشتى (التعزيز) پێشەنگى ئاڕاستەکردن و دارشتنى ڕەفتارى مرۆڤە و ئەمەش خاڵى دەستپێکى ڕەفتارییە، بەڵام خاڵى دەستپێکى مەعریفى بۆ زیاد دەکات، کە بریتییە لەوەى (بەهێزکردن) پەیوەستە بە هۆشیارى و ئاگایى تاکەوە لە بوونى پەیوەندییەک لەنێوان ئەم بەهێزکردنەدا ئەو بەدەستى هێناوە و ئەو ڕەفتارەى کە ئەنجامى داوە، ڕەنگە لەلایەن تاکێکەوە لە ئەنجامى ڕەفتارەکانییەوە بەدى بهێنرێت، لە کاتێکدا تاکێکى دیکە وەک دەرئەنجامى هێزە دەرەکییەکان هەست پێدەکات (القحطاني، ١٤٣٦: ٢٣٠). توێژینەوەى (العكاشي، ٢٠١٧) ئاماژە بە پێگەى کۆنترۆڵکردنى ناوەکى و دەرەکى دەکات و پێى وایە ئەو ڕادەیەى، کە مرۆڤ تێدەگات ئەو دەرئەنجام و بارودۆخانەى ئەزموونى دەکات لەژێر کۆنترۆڵى کەسێتى خۆیدایە، مرۆڤەکان دواتر هەست بەوە دەکەن تواناى کاریگەرییان لەسەر کۆنترۆڵکردنى دەرئەنجامى دۆخەکە

هەیە، یان پێیان وایە دەرئەنجامەکانی بارودۆخەکان بە هۆکاری دەرەکی، بەخت کردارەکانی مرۆڤەکانی تر بەڕێوەدەچێت (العکاشي، ٢٠١٧: ١٠٦).

هۆکارەکانی کۆنترۆڵکردنی ناوخۆیی بریتین لە هۆشیاری و ئاگاداری تاک لە دەرئەنجامی ڕووداوەکان، چ ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی، چونکە بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندییان بە فاکتەرە ناوخۆییەکانی پەیوەست بە کەسایەتییەوە هەیە، وەک زیرەکی، لێهاتوویی، توانا، هەوڵدان، یان سیفەتە جیاوازەکانی کەسایەتی، لە کاتێکدا، هۆکارەکانی کۆنترۆڵکردنی دەرەکی ئەوانەن، کە لە ژینگەی دەرەکی دەوروبەری تاکدا هەن و پشتیان پێدەبەستێت (الخیکاني والشمري، ٢٠٠٧: ٢). بەپێی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی (ڕۆتەر) تاک ڕەفتارێک ئەنجام دەدات بەمەبەستی گەشتن بەئامانجێک، کە پەیوەستە بەبەهێزکردنێکی تایبەتەوە، تاک پێی وایە ڕەفتارەکانی بەهۆی ئەو بەهێزکەرانەوە ڕوودەدەن (علي، ٢٠٠١: ٦). بەتیڕوانینی (النیال، ١٩٩٣) ئەوە بەدەردەکەوێت ئاراستەی ڕێکخستنەکان دەتوانرێت لە کۆنترۆڵی دەرەکی تاک بۆ کۆنترۆڵی ناوەکیی ڕێکبخرێت، بە بەکارهێنانی شێوازی جۆراوجۆری ڕاهێنان و هەروەها جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی پەروەردەیی و ڕاوێژکاری، کە بەشێوەیەکی کاریگەر یارمەتیدەر بۆ پەرەپێدانی کۆنترۆڵی ناوەکی (النیال، ١٩٩٣: ٤٥٣)

**جۆرەکانی پێگەی کۆنترۆڵکردن:**

**یەکەم/ پێگەی کۆنترۆڵکردنی ناوەکی:**

پێگەی کۆنترۆڵکردن ڕەهەندێکی ناوخۆییە، کە گوزارشت لە هۆکارەکانی سروشتی مرۆڤ دەکات، پێیان وایە بەرپرسیارن لەوەی بەدەستی دەهێنن، لەسەرکەوتن یاخود شکست (عثمان، ١٩٩٩: ٣٩). وەسفی ئەوتاکە دەکات کە باوەڕی بە دۆخێکی دیاریکراو یان کۆمەڵێک بارودۆخی دیاریکراو هەیە، ئەوەی بەسەریدا دێت پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو کارەوە هەیە کە دەیکات و ئەگەر تاکەکەسەکە هەوڵیدا و دواتر شکستی هێنا، ئەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ خۆی، یان بەهۆی کەمی هەوڵدان یان ناتەواوییەوە و خۆی بەرپرسیارە لەم شکستە ڕوودەدات (عزوز، ٢٠١٥: ٦٦). ئەو مرۆڤانەی کۆنترۆڵی ناوەکییان هەیە پێیان وایە ڕووداوە ئەرێنییەکان دەرئەنجامی هەوڵ و زیرەکی و لێهاتوویی و کارامەیی خۆیانن، لە کاتێکدا ڕووداوە نەرێنییەکان بۆ دەرئەنجامی لاوازی لە هەوڵ و زیرەکی و لێهاتوویی و کەسێتی خۆیان دەگێڕنەوە، ئەمەش بەو مانایەیە مرۆڤ پێی وایە خۆی بەرپرسیارە لەو ڕووداوانەی لە ژیانیدا بەسەریدا دێت، جا ئەو ڕووداوانە ئەرێنی بن یان نەرێنی بێت (یعقوب، ٢٠٠٢: ٨٤). یاخود مرۆڤ سەرنجی لەسەر بەرزکردنەوەی تواناکانی ئەنجامدان و لێهاتوویی ناوەکی خۆیانە، کە یارمەتیان دەدات بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکانیان ڕەنگە خودکارایی لە تێڕوانینێکی گەشبینانەدا دەربکەوێت بۆ بەدەستهێنانی داواکارییەکانیان لە ژیان و توانای پیشەیی و لێهاتوویی ڕاهێنانی زیاتریان هەیە و لە ڕووی دەروونییەوە لێهاتووترن و لە ڕووی ئەکادیمییەوە سەرکەوتووترن و ئەنجامەکانیان باشترە (محمود، ٢٠٠٥: ٢١).

**دووەم/ پێگەی کۆنترۆڵکردنی دەرەکی:**

تاکەکان پێیان وایە سەرکەوتن یاخود شکستی لە پیشە و لە ژیانی واقیعدا، پەیوەندی بەخودی خۆیەوە نییە، بەڵکو بۆ هۆکارە دەرەکییەکانی دەگەڕێنێتەوە، کە لەتوانا و ویستی ئەودا نین و ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات (برکات، ، ٢٠٠٠: ١٠٣). کۆنترۆڵی دەرەکی کە پێی دەوترێت کۆنترۆڵی نائاگایی، واتا ئەم جۆرەی کۆنترۆڵکردن لە هەستی ترس یان شەرمەزاری تاک لە بەرانبەر دەسەڵاتێک یان یاسایەکی دیاریکراوەوە سەرهەڵدەدات و بە هۆکاری جۆراوجۆر وەک داب و نەریت و بەهاو ڕێساکانی ڕەفتار لە خێزان، یاخود ڕێساکانی مامەڵەکردن و یاسا باوەکانەوە سەرهەڵدەدات ، کە تاکەکەس بەرپرسیار دەکات و لێپرسینەوەی لێدەکات کاتێک کارێک ئەنجام دەدات، کە پێشێلکردن و پێچەوانەی داب و نەریتی کۆمەڵگە بێت (الجابري، ١٩٩٧: ٥٢).

**هۆكارەكان كە كاریگەریان هەیە لەسەر پێگەی كۆنترۆڵكردن:**

پێگەی كۆنترۆڵكردن پەیوەستە بە هەندێك هۆكارەوە، كە كاریگەرییەكی گەورەیان هەیە لەسەر دیاریكردنی سەرچاوەی كۆنترۆڵكردن، گرنگترینیان بریتین لە:

– **كلتوور:** هۆكارە كلتوورییەكان لەو هۆكارانەن ڕۆڵیان هەیە لە دیاریكردنی سەرچاوەی كۆنترۆڵكردن لەنێوان تاكەكاندا، پرۆسەی گەشەكردن و بەكارهێنانی چەمكی كۆنترۆڵكردن بەدرێژایی ساڵان كەوتۆتە ژێر تەركیز و ئاگایی كلتووری كۆمەڵایەتی ڕۆژئاوایی، كە تێیدا گەیشتن بە دادپەروەری لە ڕێگەی كۆنترۆڵی ناوخۆیی بەسەر دۆخ و ڕووداوەكاندا بە باشترین سیناریۆ دادەنرێت. ئەو كلتوورە ڕۆژئاواییەی كە چەمكی كۆنترۆڵكردنی ناوخۆیی و دەرەكی تێیدا دەردەكەوێت هەمیشە بەهایەكی بەرز بە سەربەخۆیی كەسی دەبەخشێت و هەر بۆیەش ئەم بابەتە كاریگەری لەسەر گەشەی چەمكی سەرچاوەی كۆنترۆڵكردن هەبووە و بەمجۆرە بەردەوام ئاگامەندی لەناو بواری دەروونناسیدا لەسەر كۆنترۆڵی كەسی هاوتەریبە لەگەڵ سەرقاڵی كۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بە سەربەخۆیی (جبالي، ٢٠٠٧: ٨١).

– **ژینگەی خێزانی:** خێزان لە چوارچێوەی سەرەكی و سەرچاوەی تاك دادەنرێت، لە ڕێگەیەوە ئەزموون و داب و نەریت و بەهاكان بەدەست دەهێنێت، شێوازەكانی مامەڵكردنی دایبابان ڕۆڵ و كاریگەرییەكی گەورەیان هەیە لەسەر دیاریكردنی ئاراستەی كۆنترۆڵكردنی تاك، جا چ ناوخۆیی بێت یاخود دەرەكی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵسوكەوتی دایك و باوك لە بارودۆخە جیاوازەكاندا، شێوازەكانی چارەسەری دایك و باوك لەسەر بنەمای پێوەرێكی جێگیر لە پەروەردەكردندا دەبێتە هۆی ئاراستەكردنی تاك بەرەو پێگەی كۆنترۆڵی ناوخۆیی، بەپێچەوانەوە ئەگەر شێوازەكانی مامەڵەی دایبابان نادروست لەسەر بنەمای توندو تیژی و زۆر دەبێتە هۆی ئەوەی كە پێگەی كۆنترۆڵكردنی تاك ئاراستەی بەرەو كۆنترۆڵكردنی دەرەكی بێت (الخثعمي، ٢٠٠٨: ٦٣).

– **ڕەگەز:** لە زۆربەی توێژینەوەكان، بەتایبەت ئەنجامی لێكۆڵینەوەكانی هێڵبرن و هاوكارەكانی ( Helbern,Seidenberg, Maccoby, Jaklin ,Devin,) گەشتوون بەو ئەنجامەی ڕەگەزی نێر زیاتر ئاراستەیان بەرەو كۆنترۆڵی ناوخۆییە بەبەراورد بە ڕەگەزی مێیینە، كە ئاراستەیان بەرەو كۆنترۆڵی دەرەكییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆكاریی متمانە بەخۆبوونی زیاد و هەستكردن بە دەسەڵات و كۆنترۆڵكردن بەسەر ڕووداوەكاندا، لەبەر ئەوەیە ژینگە و كۆمەڵگە داوای هەندێك داواكاری لە ڕەگەزی نێر دەكەن چونكە ئەوان بە توندی و بەهێزی تایبەتمەندن و دەناسرێن. (مدور، ، ٢٠٠٥: ٢٤).

– **تەمەن:** سەرچاوەی كۆنترۆڵكردن لەنێو ئەو گۆڕاوانەدایە، كە تەمەن كاریگەری لەسەریان دەبێت، بەو پێیەی تەمەن بەیەكێك لە سەرچاوەكانی كۆنترۆڵكردن دادەنرێت لەگەڵ بەرەوپێشچوونی گەشەكردن و زیادبوونی پێگەیشتنی مەعریفی و كەسایەتی، تاكەكان زیاتر ئاگاداری تواناكانیان دەبن و ئاگاداری پەیوەندیی هۆكاری نێوان هەوڵەكانیان و ئەنجامە بەدەستهاتووەكانیان دەبن، توێژینەوەی (Morganti et al,1988) لەگەڵ توێژینەوەی ( Nehrke et al, 197) ئەوەیان ڕوونكردوەتەوە، كە كۆنترۆڵی ناوەكی لەگەڵ تەمەندا گەشە دەكات، چونكە منداڵ و بەساڵاچووان مەیلیان بەرەو كۆنترۆڵی دەرەكییە، لە كاتێكدا گەنجان لە ڕووی كۆنترۆڵەوە ئاراستەیان ناوەكیی بووە و لە ڕێگەی لێكدانەوەیان بۆ ڕووداوەكان و بە هەوڵ و خۆڕاگری و تواناكانیان زیاتر پەیوەست بوون بە بارودۆخە ژینگەیەكانەوە (الخفاف، ٢٠١٥: ١٧٩)< دەكرێت پێگەی كۆنترۆڵی ناوخۆیی پەرەپێبدرێت و بەهێزتر بكرێت وەك گۆڕاوێك كە لە منداڵییەوە گەشە دەكات، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو باوەڕانەوە ئەنجام دەدرێت كە منداڵ لەبارەی ئەنجامدانی كاری باش و بەسوود لە ڕێگەی چالاكییەكانەوە بەدەستی دەهێنێت و هەر بەو هۆیەوە، پاداشت پاڵپشتی بەدەست دەهێنێت (بن الزين، ٢٠٠٥: ٨٣).

**تیۆرەکان دەربارەی پێگەی کۆنترۆڵکردن:**

**یەکەم: تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی:**

پێگەی کۆنترۆڵکردن چەمکێکە کە زانا ڕۆتەر Rotter)) لە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتیەوە وەریگرتووە، پێی وایە تاک هەســـت بەو ڕووداوانە دەکات، کە پاڵپشـــتی دەکرێن و لە ژیانیدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ڕۆتەر پێی وایە پێگەی کۆنترۆڵکردن وەک گۆڕاوێکی کەســـێتییە گرنگی دەدات بەو بیروباوەڕانەی تاک هەیەتی ســـەبارەت بەوەی کام هۆکار زۆرترین بەرگەگرتنی هەیە بۆ ئەنجامەکانی ژیانی، بە درکپێکردنی پەیوەندی هۆکاری نێوان هەڵسوکەوت و ئەنجامەکە، ئەمە وادەکات تاکەکان جیاواز بن لە لێکدانەوەی مانای ڕووداوە هەستپێکراوەکان بۆیان بەهۆی سروشتی پاڵپشتی و پێشبینکردنی ڕووداوەکان، زیاتر ئارەزوویان هەیە بۆ دووبارەکردنەوەی ڕەفتارە نوێیەکە، ئەگەر بە شێوەیەکی ئەرێنی پاڵپشتی بکرێت بکرێت (الدیب، ١٩٩٧: ١٠٣). چەمکی پێگەی کۆنترۆڵکردن لەناوەڕاستی پەنجاکاندا دەرکەوتووە، جولیان ڕۆتەر چوار گۆڕاوی بنەڕەتی لە تیۆری فیربوونی کۆمەڵایەتی خۆیدا خستووەتەڕوو، کە پێگەی کۆنترۆڵکردنی دەرەکی و ناوەکی لێیەوە سەریهەڵداوە، کەبریتیین لە:

**١- توانا ڕەفتارییەکان (قدرات السلوكية):** بریتییە لە توانای ڕوودانی ڕەفتارێک لە دۆخێکدا بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتیوانی و پاڵپشتی (سلیمان و هیشام، ١٩٩٦: ٩٥)

**٢-پێشـبینیکردن (التوقع):** بریتییە لەو ئەگەرەی تاک باوەڕی وایە بەهێزکردنێکی دیاریکراو ڕوودەدات وەک فرمانێک بۆ ڕوودانی هەڵســـوکەوتێکی دیاریکراو لە بارودۆخێکی دیاریکراودا، ئەگەرێکە پشـــت دەبەســـتێت بە خودی تاک، کە بە پێشـبینییەکانی پێشـوو دیاری دەکرێت و گشـتگیرکراوە لە ئەنجامی هەڵسـوکەوتێکی دیاریکراوی تاک، کە پاڵپشـتییەکی بەدوایدا دێت، وەک لە مێژووی بەهیزکردن و پاڵپشتیدا دەردەکەوێت دوو جۆر پێشبینیکردن هەیە: جۆرێکی تایبەتمەندە بە بڕی ئەو ئەزموونەی تاک بەدەســـتی هێناوە، جۆرێکی دیکەی گشـــتی پەیوەســـتە بە گواســـتنەوەی فێربوون لە بارودۆخەکانی دیکە، کە تاک تێبینی دەکات (دیدوار، ١٩٩٥: ٩٥).

**٣- بەهای بەهێزکردن – پاڵپشـــتی (قيمة التعزيز):** یان بەهێزکردن بریتییە لە گۆڕانکارییەکی ڕێژەیی، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەسێک شتێک لە شتێکی تردا پێ باشترە، هەروەها بەهای بەهێزکردن بە هیچ شێوەیەک دیاری ناکرێت، واتە پلەی حەز و ئارەزووی کەسێکە بۆ بەدەستهێنانی بەهێزکردنێکی دیاریکراو.

**٤- بارودۆخی دەروونی (الموقف النفسـي):** بریتییە لە ژینگەی ناوخۆیی یان دەرەکی، یاخود هەردووکیان، کە پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی تاک پشت ببەستێت بە شارەزایی و ئەزموونەکانی پێشوتری، فێربوونی چۆنیەتی بەدەستهێنانی بەرزترین ئاستی ڕەزامەندی لە گونجاوترین بارودۆخدا (الوتار، ١٩٩٣: ٣٠).

**دووەم/ تیۆری هەڵبژاردنی ولیام گلاسەر (William Glaser,1984):**

ئەم تیۆرە لە ئەنجامی گۆڕانکاری لە تیۆری کۆنترۆڵی ناوخۆیی و دەرەکیدا سەریهەڵدا، گرنگی تیۆرەکە لەوەدا دیارە کە تەنها سنووردار نییە بۆ بواری پەروەردە، بەڵکو شێوازێکی گرنگە بۆ بەڕێوەبردنی ژیان و چارەسەرکردنی کێشەکان، بیرۆکەی تیۆرییەکە لە بنەڕەتدا بۆ دوورکەوتنەوە لەو بیرۆکە باوەی، کە داوای کۆنترۆڵکردنی دەرەکی دەکات بەسەر ڕەفتار و ژیانی ئەوانی تردا، چونکە پێیان وایە هەموو شتێک بۆ تاک هەڵیدەبژێرن ڕاستە و ئەوەی ئەوی دیکە دەیکات هەڵەیە ئەمە مەیلێکە، کە پشت بە تێگەیشتن دەبەستێت و بە ڕەفتارێکی نابەرپرسیارانە دەیبەستێتەوە، ڕەفتارێک داوای زیانگەیاندن بە کەسانی دیکە دەکات و سەرنجی لەسەر ئەوە دەدات، کە تاکەکەسی ئەو بوونەوەرێکی عەقڵانییە و بەرپرسیارە لە ڕەفتارەکانی، واتە تیۆرییەکە سەرنجی لەسەر بنەمای هەڵبژاردنە، یان باشتر بڵێین، مرۆڤ ڕەفتارەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت، جا چ ئەرێنی و بنیاتنەر بێت یان نەرێنی و وێرانکەر (محمد، ٢٠١٦: ٢٤٣). وڵیام گلاسەر پێی وایە ڕەفتاری مرۆڤ ئامانجدارە و لە ناوەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لە هێزە دەرەکییەکانەوە، هەرچەندە کاریگەری هێزە دەرەکییەکان لەسەر بڕیارەکان زیاترە، بەڵام ئەوە دەرئەنجامی ئەو جۆرە هۆکارانە نییە، بەڵکو ڕەفتاری مرۆڤەکان

بەهۆی پاڵنەرە ناوەکییەکانەوە دەجوڵێن و دروست دەبن، هەموو ڕەفتارەکانی مرۆڤ هەوڵێکە بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی، کە دەیانەوێت کۆنترۆڵی کاریگەر بەسەر ژیانیاندا بەدەستبهێنن، پاشان ڕەفتارەکان بە پلەی یەکەم بۆ تێرکردنی پێداویستییەکان ئاڕاستە دەکرێت، (گلاسەر) پێی وایە یەک پێویستی دەروونی هەیە، کە هەموو مرۆڤەکان لە کلتوورە جیاوازەکان خاوەندارێتی دەکەن، ئەویش پێویستی شوناسە (من کێم)، کە چوار جۆر پێویستی دەروونی بۆ گەیشتن بەم شوناسە دەستنیشان کردووە وەک: سەربەخۆیی، ڕێزگرتن، ئازادی، خۆشەویستی و پێویستی مانەوە، گلاسەر پێی وایە تاک هەوڵدەدات وزەی کەسیی خۆی لە پەروەردە و گەشەکردندا بەکاربهێنێت و خاوەنی ئیرادەی دەروونییە لە هەموو ڕەهەندەکانیدا بۆ بڕیاردان زیاتر لەوەی کە وابەستەی دۆخەکە بێت (صادق، ٢٠١٩: ٣-٤).

**سێیەم/ تیۆری هۆکاری پاڵپشتی لەلایەن هایدەرەوە (Hieder,1958):**

ئەم تیۆرە بە شێوەیەکی سەرەکی تیشک دەخاتە سەر شێوازی لێکدانەوەی تاکەکان بۆ ڕووداوەکانو چۆن ئەم لێکدانەوەیە پەیوەندی هەیە بە بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانیانەوە. هایدەر حەزی لە شێوازی هەستکردن بە هۆکارەکانی ڕووداوەکان و شێوازی لێکدانەوەکانی مرۆڤی ئاسایی بووە (Weiner,1979,19)، هەروەها شێوازی ڕەفتارەکانی تێیدا، کە تێیدا ڕەفتاری مرۆڤی وەک دەرئەنجامی بیرکردنەوەکانی لە هۆکاری ڕوودانی سەیری دەکرد، نەک لە وەڵامی ڕووداوەکاندا، بەمجۆرە دژایەتی قوتابخانەی ڕەفتاری دەکرد، لە لێکدانەوەی ڕەفتاری مرۆڤدا، کە باوەڕیوایە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئۆرگانیک دەتوانێت بۆ دروستکردنی بارودۆخێکی گونجاو ڕەفتارەکانی بەڕێوەببات. هایدەر (١٩٥٨) لەسەر بنەمای گریمانەیەکی بنەڕەتی بوو، کە تاکەکان ئاسوودە نین تەنها لە تۆمارکردنی ئەو تێبینیانەی دەوریان داوە، بەڵکو پێویستە تا دەتوانن بیگەڕێننەوە بۆ گۆڕاوە تایبەتەکانی ناو ژینگەکەیان، واتە هەوڵدەدەن ڕەفتارەکان بەیەکەوە ببەستنەوە ئەو بارودۆخ و هۆکارانەی بوونەتە هۆی ئەوەی، تاک بە هۆکارێک یارمەتی دەدات ئەم بەشەی ژینگە کۆنترۆڵ بکات. (محمد، ٢٠١٨: ٤٦٣)، هایدەر پێی وایە دوو جۆر هۆکار هەن: (کەسی و ژینگەیی)، کە یارمەتیدەرن لە دروستبوونی کردارێکدا و کەسەکە لە کاتی درککردن بە مانای ڕەفتارێکدا ڕەچاوی دەکات، هۆکارە ژینگەییەکان ئەو هۆکارانەن، کە ڕەنگە یارمەتی مرۆڤ بدەن یان ڕێگری بکەن لە گەیشتن بە ئامانجەکەی و ڕەنگە کەسەکە کۆنترۆڵی بەسەریاندا نەبێت، وەک: کردەی کەسانی دیکە یان بارودۆخی ژینگەی سروشتی یان کۆمەڵایەتی، پێی وایە گەڕاندنەوەی کردەکە بۆ هۆکارە کەسییەکان یان هۆکارە ژینگەییەکان لە ڕوانگەی تاکەوە دەگۆڕێت، تا هۆکارە کەسییەکان لە ڕوانگەی تاکەوە گرنگتر بن، هۆکارە ژینگەییەکان کەمتر گرنگن و بەپێچەوانەشەوە، (هایدەر) پێی وایە یەکەم هەنگاوی مرۆڤ لە ڕوونکردنەوەی هۆکارەکان بۆ ئەو ڕووداو و ئەنجامانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، یەکەمجار دیاریکردنی شوێنی ئەو هۆکارەیە، کە مرۆڤی گەیاندووە بەو ڕووداوە، یان ئەو ڕەفتار، یاخود ئەنجامەکە، ئەگەر پەیوەندی بە خودی کەسەکەوە هەبێت ئەوە پێی دەوترێت (ناوەکی)یان پەیوەندی بەفاکتەرەکانی دەورووبەری کەسەکە هەیە و پێی دەوترێت (دەرەکی)، پاشان هەنگاوی دووەم: پۆلێنکردنی ئەم هۆکارە ناوەکی و دەرەکییانە بۆ هۆکار گەلێک، کە کەوتوونەتە ژێر توانا و ئیرادەی مرۆڤەوە یان کەوتوونەتە ژێر توانای دەورووبەرەوە (أبو ندی، ٢٠٠٤: ٣٨-٣٩).

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

**١- توێژینەوەی (دروزة، ١٩٩٣) بەناونیشـــانی: پەیوەندی نێوان پێگەی کۆنترۆڵکردن و گۆڕاوەکانی پەیوەســـت بە فێرخواز لە سیستەمی پەروەردەی نەریتی لە بەرانبەر سیستەمی پەروەردەی کراوەدا.**

ئامانجی توێژینەوەکە دەســـتنیشـــانکردنی پێگەی کۆنترۆڵکردن بوو لەنێوان خوێندکارانی زانکۆی فەلەســـتینی لە دوو سیستەمی پەروەردەدا: سیستەمی پەروەردەی نەریتی بەرانبەر بە سیستەمی پەروەردەی کراوە، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٤١٤) خوێندکاری نێر و مێ، توێژەرەکە پێوەری پێگەی کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنا، لەلایەن (ڕۆتەر)ەوە ئامادەکراوە و پرسیارنامەیەک، کە پرسیارەکانی سەبارەت بە زانیاری کەسی سەبارەت بە خوێندکارەکە لەخۆگرتبوو،

کەرەســـتە ئـامـارییەکـانی توێژینەوەکە بریتیی بوون لە: (نـاوەنـدەژمێرەیی و لادانی پێوەری، هـاوکۆلکەی پەیوەنـدی پیرســـۆن، تاقیکردنەوەی ( ف)، شـــێفە)، توێژەر لە کۆتاییدا گەیشـــتە ژمارەیەک ئەنجام، لەوانە: خوێندکارانی هەردوو ســـیســـتەمەکە مەیلیان بەرەو کۆنترۆڵکردنی ناوەکی بووە، لە کاتێکدا خوێندکارانی پەروەردەی کراوە کەمتر دەرەکی بوون لە چاو خوێندکارانی پەروەردەی نەریتی (تەقلیدی) و نێرەکان لە هەردوو سیستەمەکەدا کەمتر دەرەکی بوون لە چاو خوێندکارە مێینەکان و ئەو خوێندکارانەی، کە لە دەرەوەی کاتەکانی کارکردن کاردەکەن کەمتر دەرەکی بوون لە چاو ئەو خوێندکارانەی کە کاریان نەکردووە (دروزة، ١٩٩٣).

**٢- توێژینەوەی (زیـدان، ١٩٩٧ ) بەنـاونیشـــانی: پەیوەنـدی پێگەی کۆنترۆڵکردن بە پـاڵنەری دەســـتکەوتەوە لای خوێندکارانی زانکۆدا.**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیی بووە لەزانینی پەیوەندی لەنێوان پێگەی کۆنترۆڵکردن و پاڵنەری دەســـتکەوت لای خوێندکارانی قۆناغی ســێیەم لە هەموو بەشــە وێژەیەکانی کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی زقازیق، نمونەی توێژینەوەکە پێکهـاتبوو لە (٤١٣) خوێنـدکـار لەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، توێژەر بۆ پێوانەکردنی پێگەی کۆنترۆڵکردن، پێوەری (لیفتســـون) بەکارهێناوە، بۆ پیوانەکردنی پاڵنەری دەســـتکەوت پشـــتی بەســـتبوو بە پێوەری (هیرمان)، کەرەســـتە ئامارییەکانی توێژینەوەکە بریتیی بوون لە: (ناوەندەژمێرەیی و لادانی پێوەری، هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن) توێژەر بەم ئەنجامانە گەشـــتبوو (بوونی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان پێگەی کۆنترۆڵکردن و پاڵنەری دەســـتکەوت و هەبوونی جیاوازی ئاماری لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ سەبارەت بە پێگەی کۆنترۆڵکردن (زیدان، ١٩٩٧ ).

**٣- توێژینەوەی (العکیدی، ٢٠٠٢) بەناونیشـــانی: پێگەی کۆنترۆڵکردن لای خوێندکاری زانکۆی موســـڵ و پەیوەندی بەبەهاو چەمکی خودەوە.**

ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی پێگەی کۆنترۆڵکردنە لای خوێندکارانی زانکۆی موسڵ و ئاستی چەمکی خود و بەها باوەکان، ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان پەیوەندی پێگەی کۆنترۆڵکردن و چەمکی خوددا، بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز و پۆلی خوێندن و پســـپۆڕی، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٥١٧) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەز، توێژەر پشـــتی بەســـتبوو بە چەند پێوەرێک، پێوەری (الحلو، ١٩٨٩) بۆ پێوانەکردنی پێگەی کۆنترۆڵکردن، پێوەری (البورت ، فیرنون و لیندزي ) بۆ پێوانەکردنی بەهاکان، هەروەها بۆ چەمکی خود توێژەر پێوەری (بکر، ١٩٧٩) بەکارهێناوە. کەرەســـتە ئـامـارییەکـانی توێژینەوەکە پێکهـاتووە لە هـاوکۆلکەی پەیوەنـدی پێرســـۆن، تـاقیکردنەوەی تـائی، لادانی پێوەری، تـاقیکردنەوەی Z، توێژەر بەم ئەنجـامـانە گەشـــتووە، لای نمونەی توێژینەوەکە هەریەک لە پێگەی کۆنترۆڵکردن و بەهـاکـان و چەمکی خود بوونی هەیە، هەروەهـا لە ڕووی ئـامـارییەوە هیچ جیـاوازییەک نییە لەنێوان هـاوکۆلکەی پەیوەندی نێوان پێگەی کۆنترۆڵکردن و چەمکی خود، بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز، پســـپۆڕی پۆلی خوێندن (العکیدی، ٢٠٠٢).

**گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو:**

**یەکەم: لە ڕووی ئامانجی توێژینەوەوە**

ئامانجی توێژینەوەکان بە گشـــتی زانینی ئـاســـتی پێگەی کۆنترۆڵکردن و پەیوەندی بەهەندێک گۆڕاوەوەیە لای خوێندکارانی زانکۆ، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش زانینی ئاسـتی پێگەی کۆنترۆڵکردنە لای خوێندکارانی بەشـی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی.

**دووەم: لە ڕووی نمونەی توێژینەوە**

توێژینەوەکان نمونەکەیان بریتییە لە خوێندکاری زانکۆ، نمونەی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆی سلێمانی، سەبارەت بە نمونەی توێژینەوەکانی پێشوو لەنێوان (٤١٣- ٥١٧)، بوو لەم توێژینەوەیەشدا نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (١٠٠) خوێندکاری ڕەگەزی مێ لەبەشی باخچەی منداڵان.

**سێیەم: لە ڕووی میتۆدی توێژینەوەوە**

سەرجەم توێژینەوەکان و توێژینەوەکەی ئێستا میتۆدی وەسفیان بەکارهێناوە

**چوارەم: لەڕووی ئامرازی توێژینەوەوە**

توێژینەوەکان پێوەریان بەکارهێناوە، سەبارەت بەتوێژینەوەی (دروزة، ١٩٩٣) کە پێوەری (ڕۆتەر)ی بەکارهێناوە و توێژینەوەی (زيدان، ١٩٩٧ ) پێوەری (لیفسنۆن)ی بەکارهێناوە، سەبارەت بە توێژینەوەی (العكيدي، ٢٠٠٢) پشتی بەپێوەری (الحلو، ١٩٨٩) بەستووە، بۆ پێوانەکردنی پێگەی کۆنترۆڵکردن، لەم توێژینەوەیەی ئێستاشدا توێژەر پێوەری پێگەی کۆنترۆڵکردنی (Rotter,1966)ی وەرگیراوە.

**پێنجەم: لە ڕووی کەرەستەی ئامارییەوە**

لە توێژینەوەکانی پێشوودا، کەرەستەی ئامارییەکانی (هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، تاقیکردنەوەی (ف)، شێفە، تاقیکردنەوەی (Z)یان بەکارهێناوە، سەرەڕای ئەوەی ئامرازی کەمتر یان زیاتریان بەکارهێناوە، کە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەیاندا گونجاون، بەڵام لە توێژینەوەکەی ئێستادا (هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، ناوەندەژمێرەیی، ئەلفا کرونباخ، چوارگۆشەی **کا**[٢]، تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەک نمونە و دوو نمونە ) بەکارهاتووە.

**بەشی سێیەم**

**ڕێکاری توێژینەوەکە**

**هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە:**

**٣-١ میتۆدی توێژینەوەکە:**

توێژەر بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی لەجێبەجێکردنی هەنگاوە زانستیەکانیدا، میتۆدی (وەسفی)، بەکارهێناوە. ئاشکرایە کە میتۆدی وەسفی ئەو دیاردەیە دەخوێنێتەوە لەواقیعدا هەیە بە وەسفکردنێکی ورد وناساندنی چۆنیەتی دیاردەکە و ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی، هەروەها چەندێتی لەمیانەی وەسفی ژمارەیی، کە بڕی دیاردەکە و قەبارەکەی پیشاندەدات، لەگەڵ ئاستی پەیوەستبوونی بە دیاردەکانی ترەوە (محمد، ٢٠١٢: ٨٩).

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە کۆی ئەو یەکە و ڕەگەزانەی دیاردەیەک، کە توێژەر لەبارەیەوە توێژینەوە ئەنجامەدات، دەگونجێت ئەو یەکە و ڕەگەزانە تاک، خێزان، قوتابخانە، کارگە، یاخود دامەزراوە بێت (البطش وأخرون، ٢٠٠٧: ٩٧). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش پێکدێت لە خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی، کە ژمارەیان بریتییە لە (٣١٢) خوێندکاری دەوامی بەیانیان، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤- ٢٠٢٥).

**نموونەی توێژینەوەکە:**

بریتیە لە بەشێک لەو کۆمەڵگەیەی خەسڵەتێکی هاوبەشی تێدایە و نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکەی دەکات (بۆکانی، ٢٠١٦: ١٢٦)، نموونەی ئەم توێژینەوەیەش بە شێوەی هەڕەمەکی چینایەتی هەڵبژێردراوە، واتە سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی (یەکەم و چوارەم) لە بەشی باخچەی منداڵان وەرگیراوە، کە ژمارەیان بریتییە لە (١٠٠) خوێندکار لە زانکۆی سلێمانی، وەک لە خشتەی ژمارە (١)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (١)**

**دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی قۆناغی خوێندن**

| ناوی زانکۆ | قۆناغی خوێندن | ژمارە |
|---|---|---|
| سلێمانیی | یەکەم | ٥٠ |
| | چوارەم | ٥٠ |
| کۆی گشتی | | ١٠٠ |

### ئامرازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا پێوەری پێگەی کۆنترۆڵکردنی (Rotte,1966) بەکاردەهێنرێت، کە پێکهاتووە لە (٢٩) برگە و هەر برگەیەکیش لەدوو بژاردە پێک دێت: (أ – ب)، هەریەک لە برگەکانی (١، ٨، ١٤، ١٩، ٢٤، ٢٧، ) هیچ ئاماژەیەک وەرناگرن، برگەکانی (٢، ٦، ٧، ٩، ١٦، ١٧، ١٨، ٢٠، ٢١، ٢٣، ٢٥، ٢٩)، کە جێگرەوەی (أ) (١) وەردەگرێت و بژاردەی (ب) (٠) وەردەگرێت، بەڵام برگەکانی (٣، ٤، ٥، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٥، ٢٢، ٢٦، ٢٨) بەجۆرێک بژاردەی (أ) (٠) وەردەگرێت و بژاردەی (ب) (١) وەردەگرێت، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی پێگەی کۆنترۆڵکردنی ناوەکی و دەرەکی، (ڕۆتەر) ئاماژە دەدات بەوەی لە (٠ بۆ ٨) نمرە، نمونەی توێژینەوەکە کۆنترۆڵی ناوەکیان هەیە، بەڵام لە (٩ بۆ ٣٩) نمرە، ئەوانەن، کە پێگەی کۆنترۆڵی دەرەکییان هەیە، لەبەرئەوە توێژەر پاش پێداچوونەوە و ڕێکخستن بەپێی ڕادەی گونجاوی لەگەڵ توێژینەوەی بەردەست برگەکان وەک خۆی وەرگیراوە، پاشان ڕاستیی و جێگیری بۆ پێوەرەکان ئەنجامدرا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ڕاستی ڕواڵەت (Face_Validity):

پێوەری پێگەی کۆنترۆڵکردن بەکارهێنرا، بۆ زانینی ڕاستی ڕواڵەتی بۆ ئەم مەبەستە فۆرمی پێوەرەکە پێشکەش بە (١٧) پسپۆڕ و شارەزا لە بواری دەروونناسی و پەروەردەیی و دروستی دەروونی و کەسێتی کرا، توێژەر تاقیکردنەوەی (چوارگۆشەی کا٢ – مربع کا٢ )ی بەکارهێناوە، بەئاستی بەڵگەداریی (0,000)، بەهای (کا٢) خشتەیی بریتییە لە (٣٨٤)، بچوکترە لەبەهای (کا٢) هەژمارکراوی سەرجەم برگەکان، ئەوەش مانای بوونی ڕاستگۆیی پێوەرەکە دەگەیەنێت، وەک لە خشتەی (٢) ئاماژەی پێکراوە، کە سەرجەمی برگەکانی پێوەرەکە مانەوە.

**خشتەی ژمارە (٢)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا٢) بۆ ڕاستی پێوەری پێگەی کۆنترۆڵکردنی ( ڕۆتەر)**

| | برگەکان | ژمارەی برگە | گونجاو: ژمارەی پسپۆر | گونجاو: ڕێژەی سەدی | نەگونجاو: ژمارەی پسپۆر | نەگونجاو: ڕێژەی سەدی | کای هەژمارکراو | کای خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێگەی کۆنترۆڵکردن | ٢٨,٢٥,٢٠,١٨,١٧,١٥,١ ٤,١٣,١٢,١١,١٠,٩,٤ | ١٣ | ١٧ | %١٠٠ | ٠ | %٠ | ١٧ | ٣.٨٤ | ٠.٠٠٠ |
| | ٢٤,٢٢,٢١,١٩,٨,٧ ,١ | ٧ | ١٦ | %٩٤ | ١ | %٦ | ١٣.٢٣ | | ٠.٠٠٠ |
| | ٢٩,٢٧,٢٦,٢٣,١٦,٦,٥,٢ | ٨ | ١٥ | %٨٨ | ٢ | %١٢ | ٩.٩٤١ | | ٠.٠٠٢ |
| | ٣ | ١ | ١٣ | %٧٦,٤٧ | ٤ | %٢٣ | ٤.٧٦٥ | | ٠.٠٢٩ |

بۆ دەرخستنی ڕاستیی پێوەری توێژینەوەکە، سەبارەت بە پێوەری پێگەی کۆنترۆڵکردن، لەبەر ڕۆشنایی سەرنج و ڕێنماییەکانی پسپۆڕاندا (١٣) برگە لەلایەن هەر (١٧) پسپۆڕەکەوە پەسەندکران و ڕێژەی (١٠٠٪)یان بەدەستهێنا و بەبێ هیچ دەستکارییەک وەکو خۆیان مانەوە، (٧) برگەش ڕێژەی (94%) و (٨) برگەش ڕێژەی (٨٨٪)یان بەدەستهێنا، (١) برگەش ڕێژەی (٧٦٪)ی بەدەستهێنا.

**جێگیری پێوەری پێگەی کۆنترۆڵکردن بە (ڕێگەی دووبارەتاقیکردنەوە) Test_ Retest method**

جێگیری پێوەرەکە بەشـــێوازی (**Test-retest**)، بۆ جاری یەکەم لە ڕێکەوتی (٢/١٢/ ٢٠٢٥) پێوەرەکە بەســـەر (٤٠) خوێنـدکـاردا جێبەجێکرا، کە بەشـــێک بوون لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە و پێکهـاتبوون لە خوێنـدکـارانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، دوای تێپەربوونی (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٢/٢٦) دووبـارە پێوەرەکە لەســـەر هەمـان نمونە جێبەجێکرایەوە، دواتر پەیوەنـدی لەنێوان ئەنجـامی یەکەم و دووەم لە ڕێگەی هـاوکۆلکەی پەیوەنـدی پێرســـۆنەوە (**person**) دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم بریتییەلە (٨٨٤**.) ، ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزە و گوزارشـــتە لەســـەر بەرزی جێگیری پێوەری بەرگری دەروونیی، وەک لەخشـــتەی (٣) خراوەتەڕوو:

**خشتەی (٣)هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوەری پێگەی کۆنترۆڵکردن**

| جێبەجێکردن | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ١١.٧١٧٩ | ٢.٠٦٤٠٩ | ٨٨٤**. |
| دووەم | ١١.٨٤٦٢ | ١.٩٩٣٩٢ | |

**کەرەستە ئاماریەکان:**

- بەکارهێنانی هاوکێشەی ( مربع کا$^{2}$) بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی پێوەرەکە .
- هاوکێشەی (one Sample t-test) بۆ پێوانی پێگەی کۆنترۆڵکردن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی.
- بەکارهێنانی هاوکێشەی (Independent Sample T-test)ی دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ زانینی جیاوازی پێگەی کۆنترۆڵکردن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوەکانی (قۆناغی خوێندن: یەکەم، چوارەم) شوێنی نیشتەجێبوون (سەنتەری شار، دەرەوەی شار).
- بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS) پرۆگرامی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان.
- بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندی (پێرسۆن) بۆ دەرهێنانی جێگیری.

**بەشی چوارەم**

**خستنەڕووی ئەنجامەکان و ڕاڤەکردنیان:**

**یەکەم: دەستنیشانکردنی پێگەی کۆنترۆڵکردن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی:** بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە و زانینی ئاســتی پێگەی کۆنترۆڵکردن لای خوێندکارانی بەشــی باخچەی منداڵان، هاوکێشــەی (T) بۆ یەک نموونە (One Sample T-Test) بەکارهێنا، ئەنجامەکەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (٤)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ دیاریکردنی ئاستی پێگەی کۆنترۆڵکردن لای خوێندکاران**

| تەوەر | ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو | ناوەندەژمێرەیی گریمانەیی | لادانی پێوەری | بەهای (T) هەژمارکراو | بەهای (T) خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێگەی کۆنترۆڵکردن | ١١.٥٤ | ٢٩ | ٢.٦٩١ | ٦٤.٨٨ | ١.٩٨ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەدارە |

بەوجۆرەی لە خشتەکەدا دەردەکەوێت بەهای (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی، ئەمەش مانای وایە پێگەی کۆنترۆڵکردن لای خوێندکاران هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەهای ناوەندەژمێرەیی هەژماکراو بچوکترە لە ناوەندەژمێرەیی گریمانی، کەواتە پێگەی کۆنترۆڵکردن لای خوێندکاران لە ئاستێکی نزمدایە، ڕەنگە هۆکارەکەشی بگەڕێتەوە بۆ جۆری بیرکردنەوەیان سەبارەت بە داهاتوویان و پێیان وایە بەخت پەیوەندی بە دەستکەوتەکانیانەوە هەیە و وای دەبینن کۆنترۆڵیان نییە لەسەر هەموو ئەوەی لەژیانیاندا ڕوودەدەن و باوڕیان بەوە هەیە چانس ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەژیانیاندا.

بۆ ئەوەی بزانین جۆری ئەو پێگەی کۆنترۆڵکردنەی لای خوێندکاران بوونی هەیە (ناوەکی یاخود دەرەکی)یە، وەڵامەکانی هەر خوێندکارێک بۆ هەر یەکێک لە بژاردەکان بەجیا هەژمار دەکەین، وەک ئەنجامەکەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

**خشتەی (٥)**

**دیاریکردنی پێگەی کۆنترۆڵی (دەرەکی – ناوەکی) لای نمونەی توێژینەوەکە**

| نمرەکان | ژمارە | % |
|---|---|---|
| ٠ – ٨ | ١٢ | ١٢% |
| ٩ – ٢٣ | ٨٨ | ٨٨ % |
| کۆ | ١٠٠ | ١٠٠ |

بەوجۆرەی لە ئەنجامی خشتەکەوە دەردەکەوێت تەنیا (١٢%) خوێندکاران کۆنترۆڵی ناوەکییان هەیە، ڕێژەی زۆری خوێندکاران پێگەی کۆنترۆڵی دەرەکییان هەیە بەپێی یاسای (ڕۆتەر) کە لەنێوان نمرەی (٩- ٢٣) لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا لە (٨٨%)ی خوێندکاران دەکەونە ئەو ناوەندەوە، دەکرێت ئەمەش هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خوێندکاران سەرکەوتن یاخود شکستیان لە پرۆسەی خوێندندا بگەڕێننەوە بۆ هێزێکی دەرەکی وەک قوسی و گرانی پرۆگرامەکانی خوێندن و مامەڵەی توندی مامۆستایان ، کەمتر باوەڕیان بەوەیە کە ئەوەی بەسەریاندا دێت بەرهەمی بیرکردنەوە و کارەکانی خۆیان بێت و، پێیان وایە ڕێکەوت و بەخت ڕۆڵی هەیە لەسەر بەدەستهێنانی نمرەکانیان، ئەم ئەنجامەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (دروزة، ١٩٩٣) کەنمونەی توێژینەوەکە پێگەی کۆنترۆڵکردنیان ناوەکییە، بەڵام هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی ((Zaidi and Mohsin (2013)، ئاماژەیان بەوەکردووە کە خوێندکارە کچەکان پێگەی کۆنترۆڵکردنی دەرەکیان بەرزە.

**دووەم: دەستنیشانکردنی ئاستی جیاوازی پێگەی کۆنترۆڵکردن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوەکانی (قۆناغی خوێندن: یەکەم، چوارەم) شوێنی نیشتەجێبوون (سەنتەری شار، دەرەوەی شار):**

بۆ هێنانە دی ئەم ئامانجەش هاوکێشەی (T) بۆ دوو سامپڵ (Independent Sample T-test) بەکارهێنا، ئەنجامەکەشی لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو:

**خشتەی (٦)**

**جیاوازی نێوان خوێندکاران بۆ پێگەی کۆنترۆڵکردن بەپێی گۆڕاوەکانی (قۆناغی خوێندن، شوێنی نیشتەجێبوون)**

| تەوەر | گۆڕاوەکان | دابەشکردنی گۆڕاوەکان | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (T) هەژمارکراو | بەهای (T) خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێگەی کۆنترۆڵکردن | قۆناغی خوێندن | قۆناغی یەکەم | ١١.٦١ | ٢.٤٦٦ | ٠.٢٥٦ | ١.٩٨ | ٠.٧٩٨٨ | بەڵگەدار نییە |
| | | قۆناغی چوارەم | ١١.٤٧ | ٢.٩٣٠ | | | | |
| | شوێنی نیشتەجێبوون | ناوشاو | ١١.٠٨ | ٢.٧٦٦ | ١.٦٤٤ | ١.٩٨ | ٠.١٠٣ | بەڵگەدار نییە |
| | | دەرەوەی شار | ١١.٩٦ | ٢.٥٧٤ | | | | |

بەوجۆرەی لە خشـــتەکەدا دەردەکەوێت لە هەردوو گۆڕاوی (قۆناغی خوێندن، شـــوێنی نیشـــتەجێبوون) بەهای (T) هەژمارکراو بچوکترە لە بەهای (T) خشـــتەیی، ئەمەش مانای وایە جیاوازی نییە لە پێگەی کۆنترۆڵکردن لەنێوان خوێندکاراندا بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان، واتە خوێندکار لە هەر قۆناغێک و هەر شـوێنێکی نیشـتەجێبون بێت پێگەی کۆنترۆڵکردنی هەیە، ئەم ئەنجامەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (دروزة، ١٩٩٣) و (زیدان، ١٩٩٧)و (العكيدي، ٢٠٠٢)، کە جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان گۆڕاوەکاندا ســـەبارەت بەپێگەی کۆنترۆڵکردن، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، خوێندکاران باوەڕیان بەوە هەیە بەخت یان ڕێکەوت ڕۆڵێکی گرنگی لەژیانیاندا دەگێڕێت و وای دەبینن ئەوەی بەســـەریاندا دێت بەرهەمی بیرکردنەوەی خۆیان نییە و دەیدەنە پاڵ هۆکارە دەرەکییەکان و ســـەرکەوتن پەیوەست دەکەن بەبەختەوە وەک لەوەی کاری قورس هەوڵەکانیان ڕۆڵی هەبێت،

بۆ زانینی ئاستی پێگەی کۆنترۆڵکردن (ناوەکی- دەرەکی) لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوەکانی قۆناغی خوێندن و شـــوێنی نیشـــتەجێبوون، توێژەر ئەنجامی بەدەســـتهاتویی نمونەی توێژینەوەکەی شـــرۆڤە کردووە بەپێی ئەو پێوەر و یاســـایەی (ڕۆتەر) ئاماژەی پێداوە، بۆ دیاریکردنی ئەوەی ئایا خوێندکاران کۆنترۆڵی ناوەکیان هەیە یاخود دەرەکیی، وەک لە خشتەی (٧) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٧)**

**دیاریکردنی پێگەی کۆنترۆڵی (دەرەکی و ناوەکی) لای خوێندکاران بەپێی گۆڕاوەکان**

| گۆڕاوەکان | دابەشکردنی گۆڕاوەکان | ٠ – ٨ | | ٩ – ٢٣ | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | % | ژمارە | % | |
| قۆناغی خوێندن | قۆناغی یەکەم | ٣ | ٢٥ | ٤٨ | ٥٤.٥ | ٥١ |
| | قۆناغی چوارەم | ٩ | ٧٥ | ٤٠ | ٤٥.٥ | ٤٩ |
| | کۆی گشتی | ١٢ | ١٠٠ | ٨٨ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| شوێنی نیشتەجێبوون | ناوشاو | ٨ | ٦٦.٧ | ٤٠ | ٤٥.٥ | ٤٨ |
| | دەرەوەی شار | ٤ | ٣٣.٣ | ٤٨ | ٥٤.٥ | ٥٢ |
| | کۆی گشتی | ١٢ | ١٠٠ | ٨٨ | ١٠٠ | ١٠٠ |

بەوجۆرەی لە ئەنجامی خشــتەی (٧) دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی (قۆناغی خوێندن، شــوێنی نیشــتەجێبوون) ڕێژەی زۆری خوێندکاران پێگەی کۆنترۆڵی دەرەکییان هەیە، دەکرێت ئەمەش هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خوێندکاران لەهەر دوو قۆناغ بیرکردنەوەیەکی نەرێنیان هەیە دەربارەی داهاتوویان و زیاتر بیر لەژیانی دوای زانکۆیان دەکەنەوە و بەو پێیەی توێژەر لە ئەرکەکەیدا وەک مامۆســتای بەشــەکە درکی بەو دۆخەیان کردووە و پێیان وایە چوار ســاڵی خوێندنیان ســودی بۆیان نابێت و بێکار دەبمێننەوە، ســەرەڕای ئەوەش خراپی دۆخی ئابووری هەرێمی کوردســتان کاریگەری کردووەتە سەر هەموو جومگەکان و بەجۆرێک خوێندکاران لەقۆناغی یەکەم یان چوارەم درکیان بەو دۆخە ناهەموارە کردووە و کاریگەریی نەرێنی لەسەریان هەیە.

**دەرئەنجامی توێژینەوە:**

١-خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی ئاستی پێگەی کۆنترۆڵکردنی دەرەکییان بەرزە.

٢-جیاوازی ئاماری نییە لەنێوان خوێندکارانی بەشــی باخچەی منداڵانی زانکۆی ســلێمانی، بۆ ئاســتی پێگەی کۆنترۆڵکردنی دەرەکی، بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خویندن و شوینی نیشتەجێبوون.

**لەژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامی توێژینەوەکەدا، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:**

١. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەشتووە، دەریخستووە ئەو خوێندکارانەی پێگەی کۆنترۆڵی دەرەکییان هەیە دووچاری نائومێدی و بێ توانایی دەبنەوە لەڕووی خوێندنی ئاکادیمییاندا باوڕیان بە هێزی خۆیان نییە و گرفتەکان دەگەڕێننەوە بۆ هۆکارێکی دەرەکی بۆیە توێژەر پێشــنیازی ئەوە دەکات کە پێویســتە بابەتی پێگەی کۆنترۆڵکردن پێشکەش بە خوێندکاران بکرێت لە ڕێگەی سیمیناری زانستیەوە بۆ خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لەڕێگەی کەسانی پسپۆڕی بواری دەروونزانییەوە.

٢. کردنەوە و چالاککردنی ڕۆڵی ڕاوێژکاریی و هۆبەی ڕێنمایی دەروونیی لەناو زانکۆکاندا لە ڕێگەی دابینکردنی پسپۆڕیی دەرونیی و پەروەردەییەوە، بە مەبەستی هاوکارییکردنی ئەو خوێندکارانەی کە دووچاری ئەم حاڵەتە بوون بەمەبەستی چۆنیەتیی ئاشنابوونیان بەناوەڕۆکی پێگەی کۆنترۆڵکردن دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان.

٣. هۆشیارکردنەوەی زیاتر لە ڕێگەی دامەزراوە پەروەردەییەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، بە مەبەستی هاندانیان بۆ زیاتر ناســینی ســەرچاوەی فشــارەکانیان و زانینی ئەو هۆکارانەی کە دەبێتەهۆی مەترســی بۆیان، بۆ ئەوەی بتوانن سەرکەوتن بەدەستبهێنن.

**پێشنیازەکان:**

بەگوێرەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر پێشنیازی ئەنجامدانی چەند توێژینەوەیەک دەکات:

١. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک و پێکەوە گرێدانی گۆڕاوی پێگەی کۆنترۆڵکردن بە گۆڕاوەکانی تری وەکو (بەرگری دەروونی، پێزانینی خود، گونجانی دەرونیی و کۆمەڵایەتیی، ئەوانی تر...).

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ئامانجی پێوانەکردنی پێگەی کۆنترۆڵکردن لەلای تاکەکانی گروپە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەکو (فەرمانبەر، پزیشک، ئەندازیار).

٣. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ئامانجی ئاشــکراکردنی ســروشــتی پەیوەندیی نێوان پێگەی کۆنترۆڵکردن و گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی تری وەکو (تەمەن، باری کۆمەڵایەتیی، باری دارایی).

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:

-بۆکانی، سابیر بەکر، (٢٠١٦):میتۆدی توێژینەوەی زانستی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
- محمد، نازەنین عوسمان (٢٠٢١): دەروازەیەک بۆ ڕێنمایی و دەروونی و پەروەردەیی، چاپی یەکەم، جاپخانەی نارین، سلێمانی.

### سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:

- أبو سكران ، عبدالله يوسف (٢٠٠٩):التوافق النفسية والإجتماعية وعلاقته بمركز الضبط (الداخلي- الخارجي) للمعاقين حركيا في قطاع غزة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الإسلامية- غزة.
-أنو، فاطمة أحمد علي أحمد، وأحمد محمد الحسن شنان (٢٠١١): الفروق في مركز التحكم ومفهوم الذات بين الموهبين والعاديين من تلاميذ مرحلة لأساس، المجلة العربية لتطوير التفوق، العدد٣، المجلد الثاني، ص٩٩-١٢٢.
-أمال، بوأليف (٢٠١٠): مركز الضبط وعلاقته بلتوفيق الدراسي الجامعي، رسالة ماجستير غير المنشورة، جامعة باجي مختار ، عنابة، الجزائر.
-البدران ، عبد السجاد عبد السادة (٢٠٠١):مركز التحكم وعلاقته ببعض المتغيرات لدى طلبة مرحلة الدراسة الإعدادية "، رسالة ماجستير غير منشورة ، كلية التربية ، جامعة البصره.
-بركات ، زياد أمين (٢٠٠٠):مركز الضبط (الداخلي – الخارجي ) و علاقته باتجاهات المعلمين نحو مهنة التعليم ، مجلة الجامعة الإسلامية – الرياض العدد الأول ، الرياضز
-البطش، محمد وليد وفريد كامل أبوزينة، (٢٠٠٧): مناهج البحث العلمي: تصميم البحث والتحليل الاحصائي، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.
-بن الزين، نبيلة (٢٠٠٥):مركز الضبط لدى الطلبة المتفوقين والمتأخرين دراسيا، (رسالة ماجستير .جامعة قاصدي مرباح، ورقلة (جابر ، عبد الحميد جابر (١٩٩٠): نظريات الشخصية البناء، الديناميات، النمو، طرق البحث، التقويم، ط١، دار ناهضة العربية للطبع والنشر والتوزيع، القاهرة، مصر.
-الجابري ، خالد فرج (١٩٩٧):دور مؤسسات الضبط في الأمن الاجتماعي ، بحث في الندوة الفكرية ، بيت الحكمة ، الرياض .
-جبالي، نورالدين (٢٠٠٧): علاقة مصدر الضبط بالاضطرابات السيكوسوماتية، رسالة دكتوراه غير منشورة، جامعة باتنة.
-الراوي، الطاف ياسين خضر (١٩٩٦): اثر الصراع النفسي في اتخازالقرار وعلاقته بمركز السيطرة لدى طلبة الجامعة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد.
-رضوان، سامر جميل (٢٠٠٩): الصحة النفسية، ط١، دار المسيرة للطباعة والنشر، عمان، الاردن.
- الزبيدي كامل علوان (٢٠٠٩ ): الصحة النفسية من وجهة نظر علماء النفس. ط١ . دار علاالدين للنشر والتوزيع والترجمة، دمشق .سوريا.
-الخثعمي ، صالح بن سفير بن محمد (٢٠٠٨ ): وجهة الضبط الإندفاعية لدى المتعاطين وغير المتعاطين للهروين، مذكرة لنيل شيادة الماجيستر ، جامعة نايف العربية للعلوم . الامنية السعودية.
-الخفاف، إيمان (٢٠١٥): الذكاء الإيقعاليكتعلم كيف الفعاليا، عمان، دار المناهج للنشر والتوزيع.
-الخيكاني، عامر سعيد جاسم ، و محمد نعمة حسن الشمري (٢٠٠٧):موقع ضبط لاعبي الساحة والميدان في العراق وعلاقته بدافعيتهم للانجاز، مجلة علوم التربية الرياضية، المجلد الثاني، العدد السادس.
-دروزة، أفنان (١٩٩٣): مركز الضبط للمعلم وعلاقته بالتحصيل الأكاديمي للطالب في المدارس الاعدادية لوكالة الغوث الدولية في منطقة نابلس، مجلة ابحاث النجاح للأبحاث (العلوم الانسانيى، مج٢، ع٩.
-دويدار، عبد الفتاح محمد (١٩٩٥): العوامل المحددة لدافعية الانجاز في ضوء بعض المتغيرات لدى الموظفين والموظفات في المجتمع المصري ، بحوث المؤتمر السنوي السابع لعلم النفس في مصر، الجمعية المصرية للدراسات النفسية.
-الدباغ، كفاف شيت (١٩٩٧): مفهوم الذات وعلاقته بمركز السيطرة لدى الاطفال في دور الدول واقرانهم، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة بغداد.
-الديب ، محمد علي (١٩٩٧): اتجاهات الطلاب والمعلمين نحو علم النفس التربوي وعلاقته بالإنجاز الأكاديمي " دراسة مقارنة " بين المصريين والعمانيين ، مجلة علم النفس ، العدد " 42 " ، القاهرة.
-ديدوار ، جهاد حسين احمد (١٩٩٥): مستوى الأحكام الخلقية لدى عينة من طلبة الجامعة الأردنية واختلافها تبعاً لموقع الضبط والأسلوب المعرفي ، رسالة ماجستير غير منشورة ، كلية الدراسات العليا ، الجامعة الأردنية
-الزيات فتحي مصطفى (١٩٩٦): سيكلوجية التعلم ، د ار النشر للجامعات ، ط1 .
-سعيد، سعيد نزار (٢٠١٨): الشعور بالذات وعلاقتها بموقع الضبط ومستوى الطموح لدى طالبات بعض كليات التربية البدنية وعلوم الرياضة في إقليم كوردستان- العراق، كلية التربية البدنية وعلوم الرياضة-جامعة صلاح الدين.

–سليمان ، عبد الرحمن ، وعبد الله هشام ابراهيم (١٩٩٦): لدراسة موضـع الضبط في علاقته بكل الأنا والقلق لدى عينة من طلبة وطالبات جامعة قطر ، مجلة مركز البحوث التربوية ، بجامعة قطر ، العدد (٩).

–الشوامين، سليمان محمد سليمان، (٢٠١١): العلاقة بين دافعية الانجاز و مركز الضبط وأثرهما على التحصيل لدى الصف الأول الثانويفي منطقة تبوك بالمملكة العربية السعودية، رسالة الماجستير غير منشورة، جامعة الدراسات العليا.

–صادق، ديار محي الدين (٢٠١٩): نظرية وليام جلاسر العلاج الدافعي، جامعة صلاح الدين، كلية التربية للعلوم الإنسانية.

–عثمان، نجاح عبد الرحي محمد ( 1999 ): التوافق المهني وعلاقته بموقع الضبط لدى مدرسي المرحمة الثانوية في اليمن ، (رسالة ماجستير غير منشكرة (، كمية التربية/ابن رشد، بغداد.

–عزوز، اسمهان (٢٠١٥): مصدر الضبط الصحي وعلاقته باستراتيجيات المواجهة والكفاءة الذاتية لدى مرضـى القصـور الكلوي المزمن، رسالة دكتوراه، جامعة الحاج لخضر–باتنة، كلية العلوم االاجتماعية والانسانية والاسلامية، شعبة علم النفس والتربية.

–علي، الهام فضـل عبس (٢٠٠١): الصـحة النفسـية وعلاقتها بموقع الضـبط والجنس والعمر لطلبة المرحلة الثانوية، رسـالة ماجسـتير غير منشـورة، كلية التربية ابن رشد، جامعة بغداد.

–العكاشـي، بشـرى أحمد (٢٠١٧): الاسـلوب المعريفي وعلاقته بموقع الضـبط لدى طلبة جامعة الشـارقة، مجلة جامعة جامعة لشـارقة للعلوم الانسـانية والاجتماعية، المجلد١٦، العدد١.

–القحطاني، محمد بن مترك ال شري (٢٠٢٠): وجهة الضبط (الداخلي– الخارجي) وعلاقتها بمستوى الطموح في ضوء لبعض المتغيرات الديموجرافية لدى طلاب جامعة الأمام محمد بن سعود الإسلامية، مجلة العلوم الإنسانية والإجتماعية، العدد الثاني والأربعون.

–قطامي، نايفة (١٩٩٤): أثر الجنس وموقع الضبط والمستوى الأكاديمي على دافع الانجاز لدى طلبة التوجيهية العامة، **مجلة دراسات**، مج٢١ (أ)، ع٤.

–محمد، نازنين عثمان (٢٠١٨): موقع الضبط ومستوى الطموح لدى طلبة جامعة السليمانية، مجلة كلية العلوم السليمانية، العدد٥٤، ص٤٥٣– ٤٩٩

–محمد، على عودة ( ٢٠١٢): مناهج البحث في التربية وعلم النفس، مكتبة عدنان، بغداد .

–محمد، نصـرالدين إبراهيم (٢٠١٦): دراسـة موقع الضـبط لدى طلبة مدارس الإعدادية في مركز قظاء زاخو وعلاقته لمتغيرات الإجتماعية والعلمية مجلة العلوم الإنسانية الجامعة زاخو، مجلد٦، العدد١، ص٢٤٠– ٢٥٥.

–مدور، مليكة (٢٠٠٥): وجهة الضبط وعلاقتها بأنماط التفكير لدى عينة من متربصي معاهد التكوين المهني، رسالة ماجستير ، جامعة باتنة.

–المرشيدي عماد حسين و عقيل خليل ناصر الطفيلي (٢٠١٥): الأفكار الأعلانية وعلاقتها بموقع الضبط لدى طلبة الجامعة، مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية، العدد١٩، جامعة بابل.

–النيال، مايسة (١٩٩٣): مصـدر الضـبط وعلاقته بكل من قوة الأنا والعصـابية والانبسـاط لدى عينة من طلبة وطالبات الجامعة بدولة قطر، حولية كلية التربية بجامعة قطر، العدد العاشر، ص239

–الوتار ، ناظم شـاكر )١٩٩٣): مركز التحكم وعلاقته بمسـتوى الأداء المهاري في كرة الطائرة لدى لاعبي بعض منتخبات الجامعات العراقية " ، كلية التربية الرياضية ، جامعة الموصل ، رسالة ماجستير غير منشورة.

–يعقوب، نايف رشيد (٢٠٠٢): علاقة فلسفة التربية الاسلامية ومركز الضبط تقدير الذات بالعدوان، ط١، دار الكندي للنشر والتوزيع، القاهرة.

## سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی:

-April, K,Kai Peters, Babar Dharani (2012). Impact of Locus of Control Expectancy on Level of Well-Being, Review of European Studies Vol. 4, No. 2; June, p:125-137.

-Colman, M. Andrew (2009). Oxford Dictionary of Psychology, 3th ed. Oxford university press, USA, 882pp.

-Nath, Baihu, K. (2014) Theoretical Postulates of Locus of Control, Dept. of Education, University of Calicut, Kerala, p. 1- 14.

-Rotter, J.B. (1966). Generalized expectancies for internal versus external control of reinforcement. Psychological Monographs: General and applied, 80 (1), 1-28.

-Sagone, E., Caroli, M. (2014). Center of control and academic self – efficacy in university students: the effects of Self-concepts. *Procedia Social and Behavioral Sciences, 114*, 222-228.

- Shriwas, A,Mahesh (2021). International Journal for Technological Research in Engineering Volume 8, Issue 7,96-98.

-Weiner, B. (1979). Atheory of motivation for classroom experiences. Journal of Educational Psychology, 71 (1), 3-25.

- Zaidi, I. H., & Mohsin, M. N. (2013). Locus of control in graduation students. International Journal of Psychological Research, 6 (1), 15-20.

## پاشکۆ

### پێوەری (ڕۆتەر) بۆ پێگەی کۆنترۆڵکردن

| ژ | وەڵام | بڕگە |
|---|---|---|
| ١ | أ | منداڵان چونکە لەلایەن دایکان وباوکانەوە سزا دەدرێن تووشی کێشە دەبن. |
| | ب | کێشەی منداڵانی ئەم سەردەمە ئەوەیە کە دایکان و باوکان زۆر نەرمن لەگەڵیان. |
| ٢ | أ | بەشێکی زۆری ناخۆشی مرۆڤەکان بۆ بەختیان خراپیان دەگەڕێتەوە. |
| | ب | بەختی خراپی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڵانەی کە ئەنجامی دەدەن. |
| ٣ | أ | یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕوودانی شەڕەکان ئەوەیە کە مرۆڤ وەک پێویست گرنگی بە سیاسەت نادەن. |
| | ب | شەڕەکان بەردەوام ڕوودەدەن هەرچەندە مرۆڤ هەوڵبدات ڕێگری لە ڕوودانی بکات. |
| ٤ | أ | لە کۆتاییدا مرۆڤەکان لەم جیهانەدا ئەو ڕێزەی کە شایەنیانە بەدەستی دەهێنن. |
| | ب | بەداخەوە زۆرجار ژیانی مرۆڤەکان تێدەپەڕێت بەبێ ئەوەی کەس قەدری بەهاکەی بزانێت، هەرچەندە گەورە بێت. |
| ٥ | أ | ئەو بیرۆکەیەی کەمامۆستا نادادپەروەرە بەرانبەر بە خوێندکارەکانی، هیچ مانایەکی نییە. |
| | ب | زۆرینەی خوێندکاران هەست بەوە ناکەن کە ڕێکەوت (صدفە) چەند کاریگەریی هەیە لەسەر نمرەکانیان. |
| ٦ | أ | مرۆڤ ناتوانێت سەرکردەیەکی کاریگەر بێت، بەبێ بەدەستهێنانی دەرفەتی گونجاو. |
| | ب | کەسانی لێهاتوو کەشکست دەهێنن لەبوون بەسەرکردە، ئەو کەسانەن کەدەرفەتەکانیان بەباشی نەقۆستوەتەوە. |
| ٧ | أ | هەرچەندە هەوڵ بدەیت سۆز و خۆشەویستی کەسانی تر بەدەست بهێنیت، هێشتا هەندێک لەمرۆڤەکان هەن کەڕقیان لێتە. |
| | ب | ئەوانەی ناتوانن خۆشەویستی ئەوانی تر بەدەستبهێنن، نازانن کەچۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکەن. |
| ٨ | أ | هۆکاری بۆماوەو جینات ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لەدیاریکردنی کەسێتی مرۆڤ. |
| | ب | ئەزموونەکانی مرۆڤ لەژیاندا کەسێتی دیاریدەکات. |
| ٩ | أ | زۆرجار پێشبینی ئەو بابەتانە دەکەم، کەلەڕاستیدا ڕوودەدەن.. |
| | ب | پشت بەستن بەچارەنووس بۆبەڕێوەبردنی کاروبارەکان بەتەواوی بێسودە. |
| ١٠ | أ | دەگمەنە خوێندکار تاقیکردنەوەکە بەنادادپەروەرانە بزانێت، ئەگەر ئامادەکارییەکانی بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە تەواو بێت. |
| | ب | زۆرجار پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکە پەیوەندییان بەبابەتەکەوە نییە، ئەمەش وادەکات ئامادەکاری بۆیان بێسود بێ. |
| ١١ | أ | سەرکەوتن پەیوەستە بەکاری قورس و بەدەگمەن پەیوەندی بە بەختەوە دەبێت. |
| | ب | بەدەستهێنانی کارێکی باش بەشێوەیەکی سەرەکی، پەیوەستە بەبوونی مرۆڤ لەشوێنی گونجاو و لەکاتی گونجاو. |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢ | أ | هاوڵاتی ئاسایی دەتوانێت بەشێوەیەک لەشێوەکان کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی حکومەت هەبێت. |
| | ب | جیهان لەلایەن کۆمەڵێکەوە کۆنترۆڵکراوەو مرۆڤی ئاسایی ناتوانێت هیچیان لێبکات. |
| ١٣ | أ | کە پلان دادەڕێژم دڵنیا دەبم لەتوانای جێبەجێکردنی. |
| | ب | ژیرانە نییە پلان بۆ ئایندەی دوور دابنێیت، چونکە زۆر بابەت بەبەختی باش یان بەختی خراپ بەهەر شێوەیەک بێ کۆنترۆڵدەکرێن. |
| ١٤ | أ | هەندێک کەس هەن خراپن |
| | ب | لەهەموو مرۆڤێکدا بەلایەنی کەم شتێکی باش هەیە. |
| ١٥ | أ | من ئەوەی هەوڵی بۆ دەدەم پەیوەندی بەبەختەوە نییە. |
| | ب | زۆرجار بڕیاردان لەسەر بنەمای شێر و خەت، لەسەر خۆمان شتێکی ئاساییە. |
| ١٦ | أ | هەر کەسێک بگاتە دەستەی سەرۆکایەتی زۆرجار ئەو کەسەیە بەخت یاوەری بووە، پێش هەموو کەسێک کەلەشوێنی شیاودا بێت. |
| | ب | بۆ ئەوەی مرۆڤەکان کارەکانیان بەباشی ئەنجام بدەن پێویستە توانایان هەبێت، چونکە بەخت ڕۆڵێکی لاوازی هەیە، یان هیچ ڕۆڵێکی لەکارەکاندا نییە. |
| ١٧ | أ | سەبارەت بەو شتانەی لەم دونیایەدا دەگوزەرێت ، دەکرێت بڵێین زۆربەمان قوربانی ئەو هێزانەیین کەناتوانیین لییتێبگەین یان کۆنترۆڵی بکەین. |
| | ب | مرۆڤەکان بەبەشداری چالاکانە لەکاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەتوانن کۆنترۆڵی ئەو شتانە بکەن کەلەم جیهانەدا ڕوودەدەن.. |
| ١٨ | أ | زۆربەی خەڵکی تێناگەن، کەچەند فاکتەری چانس (بەخت) کۆنترۆڵی ژیانیان دەکەن. |
| | ب | لەڕاستیدا شتێک نییە ناوی بەخت بێت. |
| ١٩ | أ | مرۆڤ دەبێت هەمیشە ئامادەبێت دان بەهەڵەکانیدا بنێت. |
| | ب | بەگشتی باشترە مرۆڤ هەڵەکانی خۆی پەردەپۆش بکات. |
| ٢٠ | أ | سەختە بزانیت کەسێک خۆشی دەوێیت بەڕاستیی یاخود نا. |
| | ب | ژمارەی هاوڕێیکانت بەندە بەخۆتەوە کەچەند کەسێکی باشیت. |
| ٢١ | أ | ئەو شتە خراپانەی بەسەرماندا دێن، یەکسانن بە شتە باشەکان لەمەودای دووریدا. |
| | ب | ئەو بەدبەختییەی کەبەسەرماندا دێت، دەگەڕێتەوە بۆنەزانی ، تەمبەڵی یاخود نەبوونی توانا یان هەرسێکیان بەیەکەوە. |
| ٢٢ | أ | بەهەوڵی زیاتر دەتوانین گەندەڵی سیاسی نەهێڵین. |
| | ب | زەحمەتە خەڵکی ئاسایی کۆنترۆڵیان هەبێت بەسەر کارەکانی سیاسەتمەداران کە لەپۆستی حکومەتدان. |
| ٢٣ | أ | تێناگەم چۆن مامۆستایان ئەو نمرانە دادەنێن. |
| | ب | پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان ئەو هەوڵەی بۆ خوێندنی دەدەم و ئەو نمرانەی کەبەدەستی دەهێنم. |
| ٢٤ | أ | سەرکردەیەکی باش چاوەڕێی ئەوە دەکات خەڵک خۆیان بڕیاری خۆیان بدەن. |
| | ب | سەرکردەیەکی باش ئەو کەسەیە کەکردارەکان بۆ هەرتاکێک دیاری دەکات. |
| ٢٥ | أ | هەست دەکەم ناتوانم کۆنترۆڵی ئەو شتانە بکەم کەڕوو دەدەن. |
| | ب | مەحاڵەبۆ من باوەڕم بەوە هەبێت ، کەبەخت یان ڕێکەوت ڕۆڵێکی گرنگ لەژیانماندا دەگێڕن. |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٦ | أ | هەندێک کەس خۆیان لەکەسانی تر دادەبڕن ، چونکە هەوڵی بەدەستهێنانی هاوڕێیەتی خۆیان نادەن . |
| | ب | بێسودە هەوڵی زۆر بدەیت بۆ ئەوەی خۆشەویستیی کەسانی تر بەدەست بهێنیت، چونکە خۆییان بیانەوێت، ئەوە تۆیان خۆشدەوێت . |
| ٢٧ | أ | وەرزشی قۆناغی ئامادەیی زۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە. |
| | ب | بۆ بونیادنانی کەسێتیی، ڕاهێنانی وەرزشیی لەناو تیمێکدا ڕێگەیەکی نایاب و ناوازەیە. |
| ٢٨ | أ | ئەوەی بەسەرمدا دێت بەرهەمی دەستی خۆمن. |
| | ب | هەستدەکەم ناتوانم کۆنترۆڵی ئەو ئاڕاستەیە بکەم کەژیانمی پێدا دەڕوات. |
| ٢٩ | أ | ناتوانم تێبگەم کە سیاسەتمەداران بۆچی بەو شێوەیە مامەڵەدەکەن. |
| | ب | خەڵک بۆ مەودای دوور لەسەر ئاستی نیشتمانی بێت یاخود ناوخۆیی، بەرپرسیارن لەخراپ حوکمڕانی. |

## موقع الضبط لدى طالبات قسم رياض الأطفال بجامعة السليمانية.

**مهرەبان حسين سالح**
قسم رياض الاطفال، كلية تربية شهرزور،
جامعة حلبجة، حلبجة، أقليم كوردستان، العراق.
mihraban.salih@uoh.edu.iq

**نيان نامق سابر**
قسم رياض الأطفال، كلية التربية الأساسية،
جامعة السليمانية، السليمانية، إقليم كوردستان، العراق.
nian.sabir@univsul.edu.iq

**الملخص:**

يهدف هذا البحث إلى تحديد مستوى موقع الضبط (الداخلي –الخارجي )لدى طالبات قسم رياض الأطفال بجامعة السليمانية، والتعرف فروق مستوى موقع الضبط (الضبط الداخلي الخارجي) لدى الطلبة وفقا لمتغيري المرحلتين ( الأولى –رابعا) من التعليم، مكان السكن (مركز المدينة –خارج المدينة)، وقد استخدم الباحث المنهج الوصفي التحليلي لتحقيق هذه الأهداف، وبلغ مجتمع البحث (٣١٢) طالبات في قسم رياض الأطفال بجامعة السليمانية، وتكونت عينة الدراسة من (١٠٠) الطالبات في المرحلتين (الأولى و رابعا، ) ولهذا الغرض استخدم الباحث معيار موقع الضبط (روتر، ١٩٦٦) المكون من (٢٩) فقرة، وهو خيار لكل فقرة، ويمثل أحد مواقع الضبط (أ، ب)، ، باحثة لتحليل البيانات والمعلومات التي جمعت في البحث، استخدمت الأدوات الإحصائية (اختبار T) لعينة واحدة وعينتين، ومعامل ارتباط مربع كاي، معامل الارتباط بيرسون، ومن أهم النتائج التي توصلت إليها. مصادر هذا البحث:

–يتمتع طالبات قسم رياض الأطفال بجامعة السليمانية بمستوى منخفض من موقع الضبط.

–يتمتع طالبات رياض الأطفال بمستوى مرتفع من موقع الضبط الخارجي.

–لا يوجد فرق ذو دلالة إحصائية في موقع الضبط الخارجي بين طالبات رياض الأطفال وفقا لمتغيرات: االمرحلة ( الأول، ا الرابع)، مكان السكن ( مركز المدينة، خارج المدينة.

**الكلمات المفتاحية**: موقع الضبط، الضبط الداخلي، ضبط الخارجي، طالبات، جامعة السليمانية.

## Locus Of Control Among Department Kindergarten Students of Sulaimani University

**Mihraban Hussein Saleh**
Department of Kindergarten, College of education
Sharazoor University of Halabja, Halabja,
Kurdistan Region, Iraq.
mihraban.salih@uoh.edu.iq

**Nian Namiq Sabr**
Department of Kindergarten, College of Basic
Education, University of Sulaimani, Sulaimani,
Kurdistan Region, Iraq.
nian.sabir@univsul.edu.iq

**Abstract**

The purpose of this research is to determine the level of (external- internal) locas of control among kindergarten students of Sulaimani University and to determine the external internal control among students according to the variables of the first and fourth stages, of residence place ( City center – Outside) the city, The researcher used the descriptive analytical method to achieve these objectives, the research community consists of (312) students in the kindergarten department, The sample of the study consists of (100) students in both the (first and fourth) grades, For this purpose, the researcher used the ( Rotter,1966) Locus of control, which consists of ( 29) items, and the options of each locus of control position item are indicated as (A-B) ,The researcher used (t.)test for one and two samples and Pearson correlation, chi-square correlation analyze, the data collected It is:

- The students of the kindergarten department of Sulaimani University have a controlling position and are in low sensitivity
- Kindergarten students have a high level of external control
- There is no significant difference in external control between kindergarten students with variables (first– fourth) grade, place of residence urban center, outside the city.

**Keywords:** Locus of Control, internal Control, external control, Student, University of Sulaimani.